# تیۆرییەکانی ڕاڤەی مێژوو

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: کەیوان ئازاد ئەنوەر

ئەفسانە.. واتاو زاراوەکەی:– ئەفسانە لە زمانی یۆنانیدا بە زاراوەی (میثوس ) هاتووە کەواتای چیرۆك و گێرانەوەی سەرزاری بەخشیوەو لە زاری خوداوەندو پاڵەوانەکانەوە وەرگیراوە. هەر لەم زاراوەشەوە ووشەی (میثۆلوجیا) وەرگیراو کە دواتر واتای (زانستی توێژینەوەی ئەفسانەیی) گەیاند.(١)لە زمانی عەرەبیشدا وشەی ئەفسانە لە (سطر) یان (ألف أساطير) بە واتای (قسەی سەرسوڕهێنەرو وتەی رازێنراوی بێ سیستەمێکی یاسایی ) هاتووە (٢). لەکاتێکدا وشەی (الأساطير) لە قورئانی پیرۆزدا مەبەست لەو بەسەر هاتانەبوەکە پەیوەندیان بەرابردووی باپیرانمانەوە هەبوە. لەم رووەوە لە قورئاندا هاتوە (قد سمعنا لو نشاء لقلنا مثل هذا, أن هذا الأساطير الأولين)(٣)یان ( وقالوا الا أساطير الأولين أكتبها فهى تملى علية بكرة وأصيلآ)(٤) (قل أنزله الذى يعلم السر في السموات والآرض) (٥). لەلایەکیترەوە هەنوکەش خودی توێژەران نەگەیشتونەتە پێناسەیەکی دیاریکراو, بەڵکو جیاوازبوون لە ناساندن و واتای ئەفسانەدا. هەندێکیان لایان وابوە ئەفسانە ئەو چیرۆکانەن کە لەرادەی


لیڤی شتراوس

ژیری مرۆڤ تێپەریان کردوە, بەڵام ئەوەی لە خورافەی جیاکردۆتەوە گەیشتنی ئەفسانە بووە بە باوەڕو یەقینێکی دیاریکراو. بەمەش ئەفسانە بۆتە بابەتێکی باوەر پێکراو (٦). لەم رووەوە (جیرالد لارسون) وتویەتی" ئەفسانە گێڕانەوەی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەن کە لەخوداوەندو هێزە نادیارەکان بەهۆی مرۆڤەوە یا بەهۆی پەیوەندی هۆزو تیرە و کۆمەڵە رەگەزێکەوە بە یەکتری, بەمەبەستی خستنەرووی ئەزموونەکانی رابردووگێڕاویانەتەوە. بەواتا ئەفسانە دروستبوونی گەردون و ئادەمیزاد و مردن و قوربانی و پاڵەوانیەتی پاڵەوانانی شیکردۆتەوە.(٧)(دابرتسن سمیث) ووتویەتی" ئەفسانە بەشێکی بنەرەتی نییە لە ئایینی کۆن, بەڵکو لە داب و نەریت و دروشمەکان وەرگیراوە.ئەمەو بە واتای ئەوەی ئەفسانە شیکردنەوەو رامانە بۆ دروشمە ئایینیەکان"(٨). هەندێکیتر لە پسپۆرانی ئەم بوارە ئەفسانە دەخەنە چوارچێوەی (زانستی سەرەتایی) یان (یەکەمین مێژوو) یان (بەرجەستەکردنێکی ناهۆشیاری). (ئەرنست کاسیش) لە تۆێژینەوەیەکیدا ئەفسانەی پێش مێژووی خستووە" ئەو پێی وابوە کە مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی رەچەڵەکی دیاردەکانی ژیان دەستی بەگەڕان کردوە, بەڵام دواجار بەرەچەڵەکێکی ئەفسانەیی گەیشتوە نەك رەچەڵەکێکی مێژوویی, بۆیە ئەفسانە یەکەمین هەوڵدانی واقیعیە بۆ دەرخستن و رێکخستنی کاتی دیاردەکانی ژیان و رووداوەکان. لەمەشەوە کاتێکی دیاریکراوی نییە, بەڵکوکاتێکی نەمرە(٩).(کاسی) بۆ ئەوەش چوە کە کاتێ مرۆڤ هەوڵدەدا تۆڕێکی ئاڵۆز بکاتەوە کە خەیاڵێکی ئەفسانەی لێ پێکهاتووە, هەست بەوە دەکات کە ئەو جیهانە نوێیە چۆنە وچۆن دەستی پێکردووەو چۆن لەسەر بیرێکی راست دروست کراوە؟(١٠).

لەهەمانکاتدا هەندێکیتر وا دادەنێن کە ئەفسانە واتە راستەقینەکەی شاردۆتەوە و لە ژێر پەردەی واتا دیارەکەی یان شێوەیەکی زمانەوانی وەرگرتوە یان بەتەواوی لەگەڵ ئەو واتایەدا جیاوازە کە لە بنچینەدا لێی وەرگیراوە.

بەم شێوازە ئەفسانە (نیشانە و واتا )ی کۆکردۆتەوە, لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە توێژەران پێیان وابوە کە ستەمە ئەفسانە بتوانێت شیکردنەوەی عەقلانی بگەیەنێت, چونکە

هەر وەك (راڤین) ووتویەتی" توێژینەوەی عەقڵانی وای خواستوە کە توێژینەوەی هاودژی جیا بخوازی"(١١).

## خوێندنگاکانی راڤەی ئەفسانەیی: –

بیری ئەفسانەیی یەکێك بوە لەو بیرانەی ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەر بیروڕاکانی مرۆڤدا زاڵ بوە. بەرادەیەك لە زۆرکاتدا رەوشت و ئاراستەکانی لە ژیاندا دیاریکردوە, بەڵام لەسەردەمی نوێداو لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستی هۆکاری گاڵتەکردن بە ئەفسانە بوە باو بەهۆی نەگونجاندنی لەگەڵ بیری زانستی نوێ .دیارە هەر لەسەردەمی رێنیسانسەوە سەردەمی رەخنەگرتن و پشتگوێ خستنی ئەفسانە دەستی پێکرد, بەڵام لەسەردەمی نوێدا گەیشتە لوتکە. (ماکس مۆلر)یش لەو سەردەمەدا ((بەنەخۆشیەك لە نەخۆشیەکانی سەردەمەکەی دانا)) لە کاتێکدا (هربرت سپنسر) پێی وابوو "ئەفسانە دەچێتە خانەی پەیبردن بە زانیارییە سەرەتایی و هەڵەکان", بەڵام لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن هەندێك لە توێژەرانی ئەورووپی ئەفسانە متمانەیەکیتری وەرگرتەوەو وەك شێوەیەکی هونەر و یەکێك لە شێوەکانی ئەدەبی میللی و فولکلۆر سەیر کرا.

زۆریشی نەخایاند لایەنگرو هاوەڵانی خوێندنگای رۆمانسی ئەفسانەیان بەبنەمای هونەرو ئایین و مێژوو داناو بوە چرایەك بۆ بەرهەمی فیکری ئەدەبی. دواتریش زانستە مرۆڤایەتییەکان دەستی دایە واتاو ناونیشانی تەواوی ئەفسانە و کەوتە قاڵبوونەوە لە تێگەیشتنی مرۆڤ و رەوشت و ژیان و گیان و دەروون و سۆز و هۆکارەکانی. بەمەش ئەفسانە بوە لقێکی گرنگی زانستە مرۆڤایەتییەکان. لەلایەکی تریشەوە بەسترا بە زانستەکانی زمان و توێژینەوە ئەدەبی و دەروونی و ئەنثریولوجیاو کۆمەڵناسی و مێژووی هونەرو ئایینەکان.

بەم شێوازە لقێکی نوێ لە لقەکانی زانیاری دەرکەوت کە بایەخی بە توێژینەوەو شیکردنەوەی ئەفسانەداو پێی ووترا (میثولوجیای ئەفسانەیی), کە تیایدا گرنگی دا بەناساندن وتوێژینەوەی ئەفسانە و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و شیکردنەوەو دەرخستنی پلەو پایەی زمانەوانی و دەروونی بیری کۆمەڵایەتی و هونەری تالە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمیشدا چەند خوێندنگایەك دەرکەوتن, کە ئامانجیان پێشکەشکردنی بیردۆزی فراوان بوو لەشیکردنەوەی ئەفسانەییدا.

ئەوەشی جێگای سەرنجە زۆربەی خوێندنگاکان هەوڵیاندا بەپێ تایبەتمەندی و زانستی خۆیان شیکردنەوەی تایبەت بۆ ئەفسانە بکەن. هەر لێرەوە زانستی ئەفسانە وەك بابەتێك شوێنی خۆی لە نێولقەکانی تری زانیاریدا کردووە.(١٢)

## پەیوەندی ئەفسانە بە سروشت و دیاردەکانییەوە:–

لایەنگرانی ئەم بوارە جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە ئەفسانە بۆ خودی سروشت و دیاردەکانی دەگەرێتەوە, چونکە زۆربەی ئەفسانەکان دەربارەی رۆژو مانگ و ئاووهەواو هەورەبروسکە و هەورو گڕکان و شتیتر ووتراون. (روبرت وود)یش بە یەکێك لەوانە دادەنرێت کە باوەڕی وابوە ئەفسانە توانای شیکردنەوەی بنچینە جوگرافی و سروشتیەکانی هەیە, بەڵام هەندێك رایان وابوو کە ئەفسانە جگە لە چیرۆکێکی خەیاڵی شتێکی دی نییە. لە هەمانکاتدا دەربڕینیشە لە مێژووی سروشت هەر لە دەربڕینی ناوی خوداوەندەکان و گەردوون و ئەستێرەناسی و دارو دەرخت و تاوەرەکان. لەم رووەوە (شارلی فرانسوا)ش لە کتێبەکەیدا (أصل العبادات) پێی وابوە کە بورجەکان ئەو رەحمانەن ئەفسانەکان لێوەی چەکەرە دەکەن. هەروەها هەندێکیتریان لە رووی جوگرافییەوە بۆ چوار رەگەزی سەرەکی (ئاوو هەواو ئاگرو خۆڵ) و هەندێکیتریشیان بۆ داهێنانە ئەستێرەناسی و کیمیایی سەرەتاییان گێراوەیەوە(١٣).

لەلایەکیترەوە لەسەردەمانێکی کۆنەوە دیاردە سروشتیەکان کاریگەریان لەسەر مێشکی ئادەمیزاد دروست کردوەو لە ئەنجامی ئەمەشدا دیاردەکانی وەك ژینگە و دەوروبەری کراون بەخوداوەند. بەمەش ئەفسانەی بت پەرستی کاری لەشارستانیەتەکۆنەکان کردوە. بەتایبەت کاری لە سۆمەری و بابلی و ئاشووری و یۆنانی و رۆمانی و هۆزەکۆچەرەکان کردوە. لەلایەکیتریشەوە ئەفسانە بە رەگەزی زانستی بەستراوەتەوە و بەوە ناسراوە کە (بەردی بناغەی فەیلەسوفەکانە).هەر ئەمەش پاڵی بە (فرنسیس بیکۆن)ەوە ناوتا ئەفسانە وەك بەرجەستە کردنێکی راستی سروشتی دابنێ, گەر بەرواڵەتیش هونەری پەردەپۆش

کردبێت وەك هونەرێك سەیر بکرێت. لێرشدا هەندێکیان بڕوایان وابووە کە ئەو ئەفسانەیەی جیهانی سروشتی گرتۆتە خۆ تەنها باسکردنی دیاردەیەك نییە، بەڵکو چۆنیەتی شیکردنەوەشیەتی (١٤).

ئەمەو کۆمەڵێکیتر بڕوایان وابوە کە ئەو رۆڵ و ئاکارە مرۆڤایەتیەی دراوەتە پاڵ دیاردە سروشتیەکان، گوزارشتیان لە هەست و نەست و ئیرادە کردوە. ئەمەش بەتەنها بەڵگەیەك نەبوە بۆبەخشینی پلەیەکی بەرزی خەیاڵ بەهێز، نادیارە سەرەتاییەکان بەڵکو راستیش بووە. لەوانەش گرنگیان بە توێژینەوەی ئەفسانەداوە (فرونبیون) بوە کە ئاماژەی بە رەگەزی یەکەمی هاوبەشی لە نێوان شارستانیەت و کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا کردوە وئارەزوویەکی دەروونی و بیرێکی یەکگرتووی لە بواری ئەفسانەیدا پێداوە. بەتایبەت ئەو شیکردنەوەیەی لەگەردوون و راستی بوونی مرۆڤدا هەستی پێکرادوە، بەڵام (ماکس مولر)کە زیاتر لە بواری زانستی ئەفسانەی بەراوردکاری توێژینەوەی کردوە، تێبینی ئەوەی کردوە کە گەشەسەندنی مرۆڤ لە روخسارەکانی ئاخاوتنی سەرەتایی لەسەر بەکارهێنانی توانای رەگەزەکاندا خوازراو بوە بەواتا بیرکردنەوەیەکی پەتی لە مرۆڤدا نەبوە. لەم روانگەشەوە مۆلر پێی وابوە کە خۆر سەرچاوەیەکی سەرەکی دەربرینی هەموو شێوازەکانی خواستن و داواکاری بوە کە. لەسەر دەمانێکی لەمێژینەی ئادەمیزاددا. بەسەر زمانی تێگەیشتندا زاڵ بوە تەنانەت بە تێروانینی مولر سەرچاوەیەکی سەرەکی لە بیری ئەفسانەیی پێکهێناوە. لە کاتێکدا (کۆهن) پێی وابوە کە هەورەبرووسکە و هەور سەرەکیترین رەگەزی ئەفسانەن(١٦).

عەرەبەکانیش لە کۆنەوە گرنگیان بە ئەفسانەو دیاردە سروشتیەکان داوەو پێشیان وابوە ئەفسانە لە دیاردەکانی هەورە بروسکە و دروشمەکانی هاتنە خوارەوەی باران و دیاردەی پەلکەزێرینەو شتیتر بە سەرچوی گرتوە. هەروەها ئەستێرەکانی ئاسمانیان پەرستوە کە دیارترینیان (خۆر و مانگ و زوهرە و سورەیا) بوون هەر وەك ئەفسانەکان قسەیان لەبارەوە کردوون (١٧). هەروەها بڕوایان بە ئەفسانەکانی چیاو بیردۆزی مانگ بوە کە لە رەنگدانەوەی واقیعی سروشتی ئەو رۆژگارە وە سەرچاوەی گرتوە(١٨). لەگەڵ ئەوانەشدا خەیاڵ رۆڵێکی سەرەکی لە بیروباوەری ئەفسانەییدا دابینیوە. لەو بیروباوەرە ئەفسانەییانەش کە بە هێزێکی لەرادە بەدەر بە دیاردە سروشتیەکانەوە بەستراونەتەوە دیاردەی نادیارە کە تایبەتمەندی خۆی لە گەردوون دا بوە. ئەمە و جگە لە هاو دژی نێوان ووشکانی و



فرۆید

دەریا و دەشتایی و بیابان لەگەڵ چوار ئاراستە جیاوازەکەی و رووی مانگ(١٩). هەروەها ئەفسانەکان بەئاژەڵ و دارودرەخت و پەرستنی دیاردە سروشتیەکان و پەیوەندیان

بە زەوییەوە بەسترابوونەوە. تەنانەت زۆریش لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان تێروانینیان بۆ ئاژەڵ وەك مرۆڤ وابوە. تەنانەت لە ئەفسانەکاندا ئاژەڵان وەك مرۆڤ قسەیان کردووە ئەمە و جگە لە بوونی چەندین ئەفسانە کە پەیوەندییان بە پیرۆزی دارودرەختەوە هەبوە. هەر وەك لە داستانی گلگامێشی سۆمەرییەکان دا ئاماژە بە (درەختی نەمری) کراوە. دیارە ئەوەش وەك نیشانەیەکی پیرۆزی خودایی و هەوڵدان بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بەنەمری بوە. ئەمە جگە لەوەی لەسەر زۆر لە کۆشك و پەرستگاکانی شارستانیەتی کۆنیش چەندین بت و وێنەی ئاژەڵان و دەیان گیانەوەریتر بینراون کە ئەمەش بەتێروانینی هەندێك جۆرێك بوە لە ئایینی تەوتەمی. لەم بوارەشدا هەندێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا ئەفسانە بەهۆی گۆڕانی مرۆڤ لە قۆناغی راوکردنەوە بۆ قۆناغی کشتوکاڵی بوەو جێگای خوداوەندی ئاژەڵی گرتۆتەوە (٢٠). لەگەڵ ئەوەی پەرستنی دیاردە سروشتیەکان مابونەوە، سەرەڕای گۆڕانکاری لە هزرو ئەفسانەکاندا کە بوونە بابەتی توێژینەوەو تێڕامانی مرۆڤ و رەورەوەی رۆژگاریان بەرەو پێشەوە برد.

ئەفسانەو بیری مێژوویی:- ئەمەش جۆرێکیتری خوێندنگای راڤە مێژووییەکان بوو، کە لایەنگرانی هەوڵیاندا ئەفسانە بەو رووداو وکارەساتە مێژووییانە ببەستنەوە کە لەراستیدا روویان داوەو دووربون لە بەرهەمی خەیاڵەوە، راستەوخۆش ئەفسانەیان بە تاقیکردنەوەو شارەزایی مرۆڤ بەستەوە کە بۆ سەردەمێکی کۆنی پێش مێژووی نوسین دەگەڕانەوە. پاشان دەستاو دەست و لەسەر بنەمای ژێری نەوە بۆ دوای نەوەی بەجێهێشت(٢١).

سەبارەت بەسەرەتاکانی پەیوەندی ئەفسانە بەمێژووەوەو بەستنەوەیان بەیەکەوە بۆ سەرەتای سەدەی چوارەمی (پ.ز) دەگەڕێتەوە کە (هۆمیرۆس) لە کتێبی (ئیلیادەو ئودیسە)دا خوداوەندو بت پەرستەکانی یۆنانی کۆنی بۆ رەگەزی ئادەمیزاد گێڕایەوە، لەوانەش (زیوس)ی گەورە خواوەندی یۆنانی. لەم رووەوە (هربرت سبنسر) لە بیرۆزەیەکیدا ووتویەتی" ئەوانەی لە پێشوودا پەرستراون بنچینەی هەموو ئایینێك بوون"، بەڵام لایەنگرانی ئەم بیردۆزە رووبەرووی پرسیارەکانی دەوروبەربوونەوە، کە بەڵگەی مێژووییان بۆ پشت ئەستورکردنی دەربڕینەکانیان خستبووە روو.

لەلایەکیترەوە کۆمەڵێکی دی هەوڵیاندا سیاسەت و ئایین تێکەڵ بە ئەفسانە بکەن. ئەوەش لەسەر ئەو بڕوایەی کە ئەو کارە هەنگاوێکە بۆ نزیك بونەوەو تێکەڵکردنی ئەفسانە بەمێژووەوە. هەندێکی تریش تێبینی ئەوەیان کرد کە روناکبیران بڕوایان بەبوونی ئەفسانە هەبوە بەو مەرجەی ناوەڕۆکێکی مێژوویی بگرێتە خۆی.( مایکل کرانت)یش ئەو جۆرە ئەفسانەی ناو نابوو (شبیه التاریخ )، بەڵام (مالینومسکی) پێیوابوو" ئەفسانە تۆمارێکی مێژوویی تەواوی رووداوەکانی کۆمەڵ و میللەتن"(٢٢). هەشبوو وایان دەبینی کە (مێژوو و ئەفسانە) تێکەڵێکی مێژوو و خورافەن. بەواتا کۆمەڵێك رووداوەکانی لە توانای لە رادە بە دەری ژیری مرۆڤن و دواجار سەرنجی کەسانی واقیعی و راستەقینەی دەوروبەریان راکێشاوەو نەوەبۆ نەوەیان گواستۆتەوە(٢٣). (یونغ)یش ئەفسانەی بەمێژووی هۆزایەتی داناوو باوەڕی وابوو نەوە بۆ نەوەی بەشێوازی تەڵقین بەجێهێشتووە.

ئەمەو لەلایەکی ترەوە ئەو بەرهەمانەی لە ئەفسانە کەوتنەوە بە دەگمەن شێوەو نموونەی دیاریکراویان هەبووە، بەڵکو زۆرجار لە چەند تۆخمێکی وەك خورافە و خەیاڵ پێکهاتبوون و لەبەر سروشتی دیاریکراوی ئەفسانەش خۆی لە وێنەکۆنەکاندا دەرخست کە بۆ سەردەمەکۆنەکان دەگەڕانەوەو لە شێوەی خەون و خورافەدا دەرکەوتبوون.(٢٤)

لە مێژووشدا زۆرێك لە ئەفسانەکان رووکارێکی مێژووییان وەرگرتبووە وەك (تۆفان)ی بابلی و (داستانی گلگامش)ی سۆمەری و (شەڕی تەروادە)ی یۆنانی کۆن و ئەفسانەکانی (ئودیب و سیزینی و ئۆلیس ... تاد). لای عەرەبەکانیش ئەفسانەی لەو شێوازەدا بەرجەستەبوون کە ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەوان و دروشم و پەرستراوو ئاهەنگ و داب و نەریتیان بخاتەروو، لەوانە گەلانی لەناوچووی (عادوثمودو وطسم و جدیس و جورهم و عمالقە) و هەروەها ( أدم ذات العما و بەنداوی مارب) کە لە قورئانیشدا ناویان هاتوە. دەربارەی شەرەکانی عەرەبیش

ئەفسانەکانی (داحس الخبراء و البسوس و ذی قار و (عام الفیل) چەندین نموونەی ئەو بوارەن.

هەروەها دەربارەی ئاوەدانکردنەوەو شارستانیەتیەکان چەندین ئەفسانە وتراوە لەوانە ( کۆشکی غمران و خەورنەق). ئەمەو جگە لە دەرخستنی تواناکانی لە رادەبەدەری مرۆڤ کە تێکەڵ بە خورافەکرابون وەك ( عەنترە و سیف بن زی یزن). لەلایەکی ترەوە چەندین کەسایەتی مێژوویی وەك ئەفسانەی دەرکەوتن لەوانە ( رۆلان)ی فەرەنسی و (زاهیربیرس)ی مەملوکی و (هانیپاڵ)ی فینیقی(٢٥).

لەو سۆنگەوە لە زۆربەی کاتەکاندا چیرۆك و ئەفسانەکان بەندبوون بە کەسایەتی مرۆڤ و باسیان کە رەچەڵەکی ماددەو پەیدابوونی دەکرد, زیاتر لەوەی باس لەو شتانە بکرێت کەنین. خۆ ئەگەر چیرۆکە ئەفسانەییەکان لە ناوەرۆکە نادیارەکان دابڕێن ئەو تەنها لەو کاتانەدایە کە پاڵەوانەکانی کەسانی ئاسایی بوون لە مێژوودا.

ئەفسانەی هۆکاری:-

زۆربەی ئەفسانەکان هەوڵی دەرخستنی ئەو هۆکارانەیان دا کە رۆڵیان لە دەرخستنی ئەو دیاردە تێبینی کراوانە بینبوو کە مرۆڤ لەگەڵێك واقیع و ژیانی رۆژانەیدا ئەنجامی دابوو. ئەم دیاردەش دواتر بە (ئیتولوجیا)یان زانستی (توێژینەوەی هۆکارەکان) ناسرا(٢٧). کۆمەڵێکیش لە توێژەران لێکدانەوەی ئەفسانەیان پێش فەلسەفە خستوو بە زانستێکی سەرەتاییان دانا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شێوازە لە ئەفسانە تا دەرکەوتنی زیندەوەران و بوونی ئەمان لە بەرامبەر دیاردە سروشتیەکانی وەك بروسکە وتەقینەوەی گرکانەکان بوونێکی نەبوو. ئەمەش سەرەتای دەرکەوتنی جادوگەری بوو پەیوەستی توێژێکی تایبەت بوون کە جادوگەران و رەبەنەکان بوون-واتە. ئەوانەی بوون رۆڵی ناوەند و خێرخوایان لە کۆمەڵگاکاندا دەگێڕاو دیاردە جوان و ترسناك و شاراوەکانی کۆمەڵگایان بۆ کۆمەلانی خەڵك ڕووندەکردنەوە. بەو شێوازەش جادوگەری بەشداری ئەو سەردەمەی کرد بەر لەوەی مرۆڤ پابەندی ئایینەکان بێت. دیارە سەرەتا دروشمە ئایینیەکان هەر لە دیاردەی پەرستن و نوێژکردن و ئاهەنگ گێڕان و دەیان شتی لەو جۆرە دیاردەی جادوگەری بەسەردا زاڵ بوو تا ئەو کاتەی بە دەرکەوتنی راڤەی زانستی بۆ ئەو رووداوانە ئەو بایەخەیان نەما. ئەوەش ئەو کاتە بوو کە لێکدانەوە بۆ ئەفسانە و جادوگەری و راڤەی رەبەنەکان کراو زانستییانە دیاردەکانی ژیان خرانە روو (٢٨). لەکۆندا رەبەنەکان سەرقافڵەی ئەم بیرە ئەفسانەییە بوون کەلە پاڵ جادوگەریدا سەروەرییەکانی رابردوویان دەگێڕایەوە. هەروەها لە رووی ئەو رابردووە سیحراویەشەوە داهاتوویان دیاری دەکرد و دیاردە شاراوەکانیان دەخستە روو. لەم روانگەشەوە خاوەن بەهرەکانی وەك (پزیشك و دادوەرو فەیلەسوف و پزیشکی میللی) دەرکەوتن.(٢٩)

ئەمەو لەلایەکی ترەوە لەئەفسانەکاندا لێکدانەوە بۆ زۆربەی دیاردەکان کرا, لەوانە زۆر لە هۆزەکان لەو بڕوایەدا بوون کە زەوی گیانەوەران بە شێوازی ئاژەڵ و ئادەمیزاد لە ئامێز دەگرێ, ئاژەڵانیش لە زۆربەی کاتدا مرۆڤ لەدیاردەکانی سروشت ئاگادار دەکەنەوە, وەك ئەوەی ئاژەڵ مرۆڤ لە روودانی بومە لەرزە ئاگادار دەکات بەر لەوەی روبدات, یان لای چەندین هۆزی ئەفریقی وەك (باشوانا و باسوتو) ئەو باوەڕیان هەبووکە (ئەفسانەی باڵدار) رۆڵی لە هەڵکردن و روودانی گێژە لوکەو بارانی بەخوڕدا بوو بێت. لای هۆزی ( داکوتا)ی هنیدیە سورەکانی ئەمریکاش ئەو باوەڕەیان هەبوو کە بروسکە بەهۆی باڵدارێکی گەورەوە روو ئەدات کە لە ئاسماندایە. هەروەها لای زۆربەی خەڵکانیش ئەو باوەڕە هەبوو کە (نەهەنگ دەبێتە هۆی خۆرگیران). لەمەوە هۆزو خەڵکانی سەر زەوی دیاردە شاراوەکانی دەوروبەریان بەبیروباوەڕی ئەفسانەوە بەستبووەوە وکاریگەریان لەسەر واقیعی ئادەمیزادو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و شارستانی هەبوو.(٣٠)

ئەفسانە و خوێندنگای زانستی مرۆڤ (ئەنثرۆپۆلوجیا):-

کۆمەڵێك لە زانایانی ئەنثرۆپۆلوجیا هەوڵی ئەوە یاندا کە ئەفسانە و پەرستراوەکان بە یەکەوە گرێبدەن لەم رووەوە (جیمس فریزەر) کە پێشەنگێکی ئەم بۆچوونە بوو لە بەرهەمەکەیدا (چڵی ئاڵتونی ) هەوڵیدا پەیوەندی پەرستراوە سەرەتاییەکان و بە ئەفسانەوە روونبکاتەوە. بڕواشی وابوو کە ئەفسانە رەچەڵەکی خۆی لە پەرستراوەکان وەرگرتوە,

بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و کارکردن بە داب و نەریتێکی دیاریکراو ئەو پەیوەندیە لەرووی لەنەمان کردوە, کە هۆکاری لە دەست دانی واتاو ئامانجی داب و نەریتەکان بوە, بەڵام کاتێکی لەئەفسانەکاندا بەڵگە بۆداب و نەریتەکان هێنرایەوە وەك لە پێشدا باوبوون, لایەنگرانی بۆچوونی پێشووی والێکرد نەوازی لێبهێنن و نە دەوڵەمەندیشی بکەن (٣١). لەم بوارەدا فریزەر پێی وابوو کە کاتێك پێشینەکان پابەندی مەراسیمە ئاینیەکانی بەهاران بوون, بەتایبەت دیاردەکانی لە دایك بوون و مردن و دواتر زیندوبونەوە, لەمەوە مەراسیمی تایبەت بۆ بەپیتی زەوی و نەشونماکردنی رووەك سەری هەڵداو بوونە سەرچاوەی ژیانەوەی ئەفسانە. فریزەر کاتی خۆیدا هەوڵیدا گەشەکردنی زنجیرەیی بدۆزێتەوە کە بە (سەردەمی جادویی) دەستێپێکردووە و بۆ (سەردەمی ئاینی) درێژەی کێشا تا بە (سەردەمی زانست) گەیشت.

کۆمەڵێکیتر بیروباوەڕی فریزەریان رەت کردووە ووتیان "ئەفسانەکان بە لە دایك بوونی پەرستراوەکانەوە بەستراونەتەوە"لە کاتێکدا کۆمەڵێکی دی باوەڕیان وابوو کە ئەفسانە و پەرستراوەکان شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە. بە واتایەکیتر کاتێك ئەفسانە لەسەر ئاستی بیر دەوستێت, پەرستراوەکان لەسەر ئاستی زانست دەوەستن, بەڵام زانای ئەنثروپۆلوجی (پرۆتسیلا مالینوفسکی ) بە ناودارترین ئەو کەسانە دانرا کە رەخنەی لە بیروڕاکانی (فریزەر)گرت. مالینوفسکی بەشێکی ژیانی بە توێژینەوەی ئەزموونی لەسەر هۆزەکانی (تروبریاند) لە دورگەی (میلانیزیا)ی خۆرئاوای زەریای هێمن بەسەربرد. ئەو پێی وابوو "ئەفسانە رەچەڵەك شیناکاتەوە, بەڵکو پارێزگاری لە رابردوو دەکات. هەروەها پاسای بۆ ئەفسانە هێنایەوە کە وا تەنها نامەیەکە کردەوەو باوەڕو پەند دەخاتە روو (٣٢). لەسەر ئەم بنچینەیە مالینۆفسکی شیکردنەوەی خۆی بۆ ئەفسانە روونکردەوە کە "کردارێکی وەزیفی و ئەنجامگیرە لە ئامانج و رەچەڵەکدا" ئەفسانەش بەهۆی زانست و گەڕانەوە دەرنەکەوتووەو هیچ پەیوەندییەکی بە پەرستراوو هۆکاری دەروونیەکان نییە, بەڵکو بۆ جیهانی واقیعی دەگەڕێتەوەو ئامانجی بەدەست هێنانی کردارە. هەروەها دەستاودەست بۆ هۆزێکی دیاریکراو یان دەسەڵاتدار یان باڵا دەستی خێزان و تیرەو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی باش دەگەڕێنەوە(٣٣). هەروەها پێی وابوو کە کاتێك هۆزەکانی (تروباند)پشتیان بە جادوگەری بەستوە بەهۆی پشت بەستنیان بوە بە ئایینەوە, بەو پێیەی جادوگەری تەواوکەری ئایینە و لەیەك جیانەکراونەتەوە, بەڵام پێشی وابووکە پێویست نەبوە هۆزەکان سیمایەکی ئایینیان هەبێت, بەڵکو لە زۆرکاتدا کۆمەڵگاو هۆزەکان لە گیانی ئایینی دووربوون خاوەنی ئەفسانەش بوون, بۆیە, لای هەندێك هەڵچون و سۆزی بەهێز بینرابوو وە باوەڕبوون و کارکردنی مەراسیمە ئایینیەکانیش داب و نەریتێکی باوی خودی کۆمڵگاکان بوو کە هۆکاری لایەنگری بە رێساو رەوشتە تایبەتەکان و ئامانجیان یەکبوونی داب و نەریتەکان بوو.(٣٤)

## ه/ئەفسانەو خوێندنگای دەرونزانی:–

شیکردنەوەی دەروونی بە دیارترین ئاراستەکانی دەروونناسی لە شیکردنەوەی رەوشتەکانی مرۆڤی سەرەتایی ناسراوە, بوونی ئەم شێوازەش لەشیکردنەوە و تێڕوانین بۆ ئەفسانە, بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە ئەفسانە لە روانگەی خوێندکاری دەرونزانی شیکرایەوە

لەم بوارەشدا زانای بەناوبانگی نەمساوی (سیگمۆند فرۆید) بە دامەزرێنەری شیکاری دەروونی ناسرا. ئەو هەوڵیدا کاریگەری ئەفسانە لەسەر رەوشتی مرۆڤ شی بکاتەوە, ئەوەش لەسەر ئەو بڕوایەی کە ئەفسانە رەنگدانەوەی خۆی لەسەر ناخی دەروونی مرۆڤ دروستکردووە. (فرۆید) لە کتێبەکەیدا (زانستی دەروونی نەخۆش لە ژیانی رۆژانەماندا) کە لە ساڵی (١٩٠٨ ز) بڵاویکردەوە, ئەوەی راگەیاند کە لە ئەفسانەدا لایەنێکی گەورەو کاریگەری لەسەر رووداوە ئایینیەکان دروستکردووە, لە زانستی دەروونی هیچی دی نییە, زانستێکی دی نییە ئەو دیاردەیە شیبکاتەوە فرۆید وای لە ئەفسانە راونیبوو کە لە دەرئەنجامی کارلێکێکی ناهوشیاری لەناخی مرۆڤدا کەڵەکە بوەو دواتر و بەرهەم هاتوە. لەمەشەوە دیاردەی لەسەروو واقیع و لایەنی سێکسی کەوتوونە نێو بابەتەکانی. ئەفسانە لە تێروانینی فرۆیددا لە دیاردەی سێکسی, رزگاری بووبوو بۆیە هەندێك جار لە خەوندا نیشانەکانی ئەو دیاردانە دەردەکەون ئەوەش ئەو

کاتانەیە کە مرۆڤ لەسەرخۆی نییەو لەو هۆشیاریەداغەریزە پەنگ خواردووەکان دەکەونە ڕوو.

ئەو بیروباوەڕانەی فرۆید خستنیەروو زۆری نەخایاند سەرنجی زۆر لە خوێندکارانی ڕاکێشا و دەنگیدایەوە. بەتایبەت پاش دەرکردنی کتێبی( شیکردنەوەی خەونەکان) کە تیایدا (خەون) و ئەفسانەی بەیەک بەستەوەو بە دوو نیشانەی چوون یەکی لە دیاردەی دەرئەنجامی ناهوشیاری دانا. لە بڕوای ئەودا ئەفسانە پێکهاتەی چەندین نیشانە بوو کە لە کاتی شیکردنەوەیدا چەمکی قوڵی لەسەر دەروونی مرۆڤ دانابوو و دیاردەشاراو و پەنگ خواردووەکانی بۆ خستبوە ڕوو.(٣٥)

فرۆید لە شیکردنەوەی ئەفسانەی (نایسیوس)دا (دڵەراوکێ) وەک هێمایەک بۆ شیکاری ئەو ئەفسانەیە دانا. لە دوایشدا ئەو دیاردەیەبە نەجۆشی فەرجسی ناسرا کە لەکتێبی (تەوتەم و تابۆ)دا ئاماژەی پێدا. لە شیکردنەوەی ئەفسانەی (ئۆدیب )یشدا بە دوای هەستەکان گەڕا کە دیاردە حەرامەکانیان دروستکردبوو کە بەهۆیەوە (ئایینی تەوتەمی) سەری هەڵدا. ئەو زۆربەی دیاردەکانی خەون و نەخۆشی و توڕەبوون و داهێنانە هونەریەکانی بۆ ئەفسانە گەڕاندەوە, بەڵام کۆمەڵێکی دی ئەو ڕایانەی فرۆیدیان پەسند نەکرد و لەم بۆچوونانەدا هەندێک لە خوێندکارانیشی وەک (یونگ و رایش و ئەریک فرۆم دژی وەستان(٣٦). (یونگ) لە سەرەتادا بیروباوەرەکانی فرۆیدی وەرگرت کە ئەفسانە وەک بەرهەمێکی بێ ئاگاو دوور لە هۆش دابنرێت, بەڵام لە دواتر گۆڕانکاری لەو ڕایەدا کرد و گەیشتە ئەوەی کە ژێری هۆکاری گواستنەوەی وێنە سەرەتاییەکانە نەک ڕەتکردنەوەی. لە هەمانکاتیشدا وەک فرۆید دانی بەبێ ئاگای تاکە کەسدا ناو بە بێ ئاگایی بە کۆمەڵی لە قەڵەم دا, کە هەڵەی زمان و ئەزموونی یەک بوونی شتەکان و کانگای هێماو شارەزایی گرتەوە. یۆنگ پێیوابوو ئەم بەشە لە دەروونی مرۆڤ هاوبەش و گشتیەو لە هەموو مرۆڤێکیشدا بنەمایەکی دەروونی ئاسایی پێک دەهێنێت, لە حاڵەتی ڕۆچوونی تاکەکەسیشدا لە بێ ئاگایی کۆمەڵ بەرەبەرە جیهانە کەسیەتی بەجێدەهێڵێ و لە زەمینەی مرۆڤایەتی هاوبەش نزیک دەبێتەوە.

ئەمەو لە نیشانەو وێنەی سەرەتاییەکانی ئەفسانەی بۆ بێ ئاگایی کۆمەڵایەتی وەرگێرایەوە کە (یۆنط) بە (الآنماط الآولیە) شێوە سەرەتاییەکانی وەک (گیان و ئارەزوو و تاریکی و زەوی و دایک و حەکیم و جادوگەر... تاد ناوی نا. لای یۆنگ ئەوشێوانە بەهۆی خەون و هونەرو ئەدەبەوە دروست بوون بەو سیفەتەی وێنەی کۆنن, بەڵام ئەو وێنانەش تا سەر نین, بەڵکو ئەوەی دەمێنێتەوە بریتین لە تواناکانی سەروو وێنەکێشان و پێکهێنانیکە لە ڕێگای نیشانەکانی ئەفسانەوە جیهان ڕوونتر دەبینن, تانیشانەکانیش قوڵتر بن لە مرۆڤایەتی نزیک دەبێتەوە. لای (یۆنگ) تاک لە هەموو کات هەڵگری بەڵگەی یەکیەتی دەروونی بوو, بەڵام ئەوەش بۆ هەموو کۆمەڵگاکان وەک یەک نەبوون بەڵکو پابەندەبوو بە تاکی کۆمەڵگاو جیاوازی لە شوێن و ژینگەی کۆمەڵگادا.

(ئەریک فرۆم)یش لە بەرهەمەکەیدا (زمانی مەنسی) توێژینەوەیەکی قوڵی لەسەر ئەفسانە پێشکەش کرد, بەڵام ئەمیش لەسەر شێوازی یۆنگ ڕۆیشت و گۆڕانکاری لە بیروباوەرەکانی فرۆیددا کرد. بە تایبەت گۆڕانکاری لەو بیروباوەرانەدا کرد کە تایبەت بوون بە ئەفسانەو خەون. بەرای (ئەریک) ژێری لەکاتی خەوندا کار دەکات و بیردەکاتەوە, لەمەوە خەونەکان دەربازبوونی مرۆڤن لە غەم و پەژارەو دەست بەسەراگرتنی ئەو جیهانەی ماددیەت پێک دەهێنێ. لای ئەو خەریک بوون بەخودەوە بانگەشەبوو بۆ تێڕوانینێکی تایبەت کە بەزمانێکی دیاریکراو دەردەبڕا ئەویش زمانی هێماو نیشانەبوو, کە قسە لەسەر شارەزایی و سۆزو ناخی بیرەکان دەکرد, هەروەک چۆن زمانی گشتیمان دەربارەی شارەزاییەکانی واقیعی ڕۆژ قسە دەکرد. لەمەوە گرنگی ئەفسانە لەوەدابوو کە چیرۆکێک پێشکەش بکات وتیایدا بەشێوازی زمانی هێما زۆر لەبیروبۆچوونە ئایینی و فەلسەفی و ڕەوشتیەکان شی بکاتەوە.

## و/پەیوەندی ئەفسانەبە وێژەو هونەرەوە:-

هونەرو وێژەش لە شوێن خۆیانەوە پەیوەندیەکی بەهێزیان بە ئەفسانەوە هەیە. لەم بارەوە (شلیجل) بۆ ئەوە چووە کە ئەفسانە و هۆنراوە یەک شتن و جیاوازیان لە نێواندا نییە. (فیکیری)ش ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە ئەفسانە

سەرچاوەیەکی رەسەنی بۆ ئیلهامی ویژە و میژوو و سایکۆلۆژیا. لەمەوە چیرۆك و نوکتەو هۆنراوەو رۆمان هونەر و فیکرو ویژەی گەلانی داناوە و بەتێپەڕبوونی کات بە خەیاڵ و زیادەرۆیی بەستراوەنەتەوە.

لای هەندێکیتر لە شارەزایانیش ئەفسانەکان قسەی سەروا دار و سروودی ئاوازدار بوون لەسەر ئەو بڕوایەی ئەفسانە کۆنەکان گۆرانی ئاینی بوون بەر لەوەی داستانی شیعری بن.

لە شارستانیەتە کۆنەکانیشدا ئەفسانەو داستان و سروودو هۆنراوەی زۆرمان بۆ جێماوە کە رەنگدانەوەی زۆرلایەنی سروشتی ژیانی مرۆڤی ئەو رۆژگاریان خستۆتە روو. تەنانەت لەسەردەمی نوێشدا ئەفسانەکان لایەنێکی راستەقینەی زۆر ئەزموون و کرداری هونەرو ئەدیبان بوون. هەر لەو سەردەمەشدا ئەفسانە بەشێوازی دەربڕینی هونەری



سۆفیکلیس

بەسترابونەوە وەك ئەوەی لە کۆنترین نەخش و وێنەی بتەکان زۆربەی هۆزە سەرەتاییەکانی تێبینی کراوەو شێوازە هونەرییەکانیان بە دیاردەی سەرسوڕهێنەرو مەتەڵی رووکەش کرادوە. ئەمەو ئەو شێوازە هونەریانە رەنگدانەوەی بەستنەوەی هونەر بوون بە ئایین و بیروباوەری نا دیارەکانەوە. بەمەش هونەروکاری هونەری بەبیروباوەرو ئایین بەسترابونەوە. مۆسیقاش ئیلهامی و تێکەڵێك بوو لە ئەفسانەو خورافات, تا ئەو کاتەی هونەرمەندان و شێوەکارانی نوێ ووروژاندو بە هۆیەوە ئیلهامی هونەرو داهێنانی نوێی  زیاد کردو خرایەروو.(٣٨)

ز/پەیوەندی ئەفسانە بەنیشانەو زمانەوە:-

زمان و نیشانەش وەك دوو پێکهێنەری ئەفسانە دادەنرێن, لەم رووەوە کۆمەڵێك لە زاناکان چاودێری قۆناغەکانی پەرەسەندنی پێکهاتەی ئەفسانەیان لە رووی زمانەوانیەوە کردوە, لەوانە (لیناماکلیر وئەلبرت کون وشفارتز وماکس مولر).(٣٩) هەروەها (ئارنست کاسیرر) لە بەرهەمەکەیدا (فەلسەفەی شێوازەکانی هێما) ئەفسانەی وەك شێوازێك لە شێوازەکانی هێما بەکارهێناوە تا بە هۆیەوە وەك زمان بەجیهانی دەرەوە وا بەستە بکرێت و بخرێتەروو.

لەلایەکیترەوەئەو خوێندنگایەی دواتر (بنیاتنەر) ناسرا هەوڵی بەستنەوەی ئەفسانە بە زمانەوەدا, دواترلایەنگرانیشی بۆ شیکردنەوەی ئەفسانە بەکاریان هێنا.لەم بارەوە (فردیناند)ی سویسری لە چوارچێوەی توێژینەوەکانیدا توێژینەوەیەکی لەسەر زمانەوانی و شێوازی پەرەسەندنی مێژوویی پێشکەش کرد. بەپێی بۆچوونی (رانڤین)یش, "دەکرێت هەموو ئەو رەگەزانەی ئەفسانەیانە لێی پێکهاتووە شیبکرێتەوە, بەڵام ئەو رەگەزانەش بەهۆی رابردووەوە نەبێت لە ناوەڕۆکیان نازانرێت و دەرناخرێن"(٤٠).

هەروەها, (کلودلیڤی شتراوس)یش, بەیەکێك لەناودارترین بیرمەندەکانی بنیاتنان دادەنرێت. کە دەرئەنجامەکانی گفتوگۆو شیکردنەوەی جیاجیای لە رووی بنچینەو پێکهاتە هێنایەگۆڕی. سەرەڕای هەوڵەکانیشی لە دەرخستنی شێوازە کۆمەلایەتی و ژیرییەکان نەك بەوەی لەسەر سیستەمێکی یاسایی جێگردایبرێژێت. هەر لەم

رووەوە شەوە (شتراوس) رەخنەی لە شێوە میتۆدی چەمکی نێوان ئەفسانەو نیشانەی فرۆیدگرت و لەبەرامبەردا یەك نیشانەی بۆ چارەسەرکردنی نیشانەکانی ئەفسانە بەکارهێنا. ئەو لەو بڕوایەدا بووکە "فرۆید لەناوچەمکە راستەقینەو چەمکە رێژەییەکاندا دەسورێتەوە"(٤١). هەروەها نارەزایی لەسەر ئەوە دەربڕی کە کۆمەڵگاکان گوزارشت لە هەست و بنچینەی بەها هاوبەشەکانی بەرەی مرۆڤایەتی دەکەن. رەخنەشی لە چەندین شێوازی یەکەمینی (یۆنغ) دەربڕی. (شتراوس) بۆ ئەو مەبەستە ئەفسانەی بە رەنگدانەوەی بنیاتنان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دانا تا بەهۆیەوە دژەکان بەنموونەکانی ژیری وەلا بنێت.

لەم رووەوە راتڤین ئاماژە بەوە کرد کە" ژیری ئەفسانە لەلای شتراوس پشتی بە دیالکتیکی هیگلی فەیلەسوف بەستووە کە جەخت لەسەر تێزو دژوئاوێتەی شتەکان دەکاتەوە" (٤٢).

(ستراوش)یش لە بەرهەمەکەیدا (زانستی ئەفسانەکان) چارەسەری بیری ئەفسانەیی هۆزە هیندییە سورەکانی ئەمریکای باشووری کردو ئەوەشی روونکردەوە کە ئەفسانەکان یان گواستراونەتەوە یان وەرگیراون. هەروەها بۆ ئەوە چوو کە دەتوانرێت رەگ و ریشەی هەر ئەفسانەیەکیش دیاری بکرێت, لەگەڵ ئەوەی هەریەك لەو ئەفسانانە بەزنجیرەیەك دەستکاری کردندا رۆیشتوون هەر ئەفسانەیەکیش بە هەر یەکێك لە شێوازەکانی تایبەتمەندی خۆیان هەیە (سەرەتایی ) بن یان (وەرگیراوە). دیاریکردنی ئەفسانەش بە زمان و لایەنە رۆشنبیریەکەی نییە, بەڵکو بەهۆی پەیوەستی ئەو زمان و رۆشنبیرانەیە بەیەکەوە.

دیارە بەدەر لە ناوەرۆك و تێبینیەکان هەریەك لە ئەفسانەو خورافات, جێگای خۆیان لە رشتەی زانستە مرۆڤایەتییەکان کردۆتەوە. ئەوەش سەرباری ئەوەی کە هەندێك وەك (سەرەتاکانی بیری مرۆڤایەتی) دایاننا, لەسەر ئەو راستیەیی مرۆڤ لە کۆندا نەیتوانیوە بیر لە وێنەکانی ژیان و شیکردنەوەیان بکاتەوە. هەر لەم بوارەدا (( سوقرات ))ی فەیلەسوفی یۆنانی هەموو ئەفسانەو خورافاتەکانی رەتکردەوەو بە دووخەسڵەتی نەزانی و دواکەوتوویی ناوی بردن.

دیارە ئەو بۆچوونەی سوقرات و ئەوانەی وەها لە ئەفسانەو خورافە تێگەیشتن دەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنانە بوو کە لە بوارەکانی زانست و زانستی مرۆڤایەتی و دۆزینەوە زەوی شوناسی و زیندەوەرزانیدا روویاندا. بەوەش مێژوو قۆناغە دواکەوتووەکەی بڕی و قۆناغێکی تری بەخۆ گرت.

ئەمەو جگە لەوەی توێژینەوە زانستی و فیکرییەکان لە هەر دوو بواری ئەفسانە و خورافەدا, بەرگێکی نوێیان بەبەر ئەو دوو بوارەدا کرد. سەرباری ئەوەی سروشتی گەشەکردنی بیری مرۆڤایەتی لای خودی مرۆڤ و بەعەقڵانی بوونی زەمینەیەکی زانستیان بۆ تێڕوانینە ئایینی و چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دانا, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیروراکان لە مەیدانی شیکردنەوەو توێژینەوەی بیری ئەفسانەییدا بە ئاڵۆزی و جیاوازی بیروڕامانەوە (٤٣).

لە میتۆدی بنیاتنانیشدا تراوس ئەفسانەی وەك بەشێکی دانەبڕاوی زمان و مێژوویی ومێژوویی نەبوون چارەسەرکردووەو سیستەمێکی کاتیشی دیاری کردووە تا لە رووی زمانی رووداوەکانی رابردوو بەیەکەوەی ببەستێتەوە. لەمەوە ئەفسانە لای شتراوس وەك هەموو گیانەوەرە زمانەوانیەکان لە (یەکەیەکی پێکهاتەی گەورە پێك دێت) و بەیەکگرتنی هەمووشیان دەچنە ناو (بنیاتی زمانێکەوە) بە تێروانینی شتراوسیش دەتوانرێت.

<u>دووەم/راڤەی جوگرافی بۆ مێژوو</u>

<u>١-پەیوەندی نێوان کاریگەری جوگرافی و واقیعیەتی مێژوو:-</u>

هەندێ لە زاناو شارەزایانی ئەم بوارە واقیعیەتی دەوروبەر لە شیکردنەوەی مێژوودا بۆ فەیلەسوفەکۆنەکانی یۆنان دەگێڕنەوە. ئەوەش لەبەر رۆشنایی کاریگەری جوگرافیا لەسەر رووداوە مێژووییەکان, کە هەندێکیان بۆ (سوکرات)ی سەدەی چوارەمی پێش زایین و دواتر (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ) و پاشان مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدوت) دەگێرنەوە. لەلایەکیترەوە زانای رۆمانی (سترابۆن) لە سەدەی یەکەمی زاییني ئاماژەی بەوە داوە کە زەوی لە پێنج ناوچە پێکهاتووە (ناوچەیەکی گەرم) کە بەهۆی بەتینی گەرماکەیەوە بۆ ژیان و کار دەست نادات. (دووناوچەی فێنك) کە شیاوی ژیان و کارکردن و

پێشکەوتنن لەگەڵ دوو ناوچەی سارد کەبەهۆی سەرماکەیەوە ژیانی تیا سەختە. ئەم بۆچوونە لە سەدەی چواردەیەمی زایینی لەلایەن مێژوونووس و فەیلەسوفی عەرەب (ئیبن خەلدون) دووپات کرایەوەو بایەخی پێدراو لە شاکارەکەیدا (المقدمه) باسی لێوەکرا. لای ئەوروپاییەکانیش (جان بۆدان) و (مۆنتسکیۆ) بایەخیان پێداو بیروبۆچوونەکانیان لەسەر ئەو چوارچێوەیە داڕشت.

### أ-عەبدولرەحمان ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠٦ز):-

ئیبن خەلدون لە توێژینەوەکەیدا بەرگری لەوەکرد کە هەرێمەسروشتیە جیاوازەکان کاریگەری لە سەر رەوشتی مرۆڤەکان بەجێ دەهێڵن(٤٤). هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ژیانی کۆمەلایەتی جگە لە دیاردەیەکی سروشتی هیچی دی نییە و بنەماکانی ژیانیش لە دەوروبەرو جوگرافیاوە دەردەچن و کاریگەری گەورەیان لەسەر دروست دەکات(٤٥).

ئیبن خەلدون رای وابوو کە هەڵکەوتەی ناوچەیەك لە باکوری سارد بێت یان لە باشوری گەرم و ناوەندی فێنك کاریگەری لەسەر مرۆڤ و جۆری ژیان و شێوازەکانی ژیانی لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا دروست دەکات. ئەولای وابوو دانیشتوانی باکور بە ئازایەتی چاکەکاری و بیرکردنەوەی چاك و رەسەنی شارستانیەت و خەڵکانی خاوەن ئەزموون ناسراون.

دانیشتوانی باشووریش لاوازی و تەمبەڵی و ترسنۆکی و ئارەزوومەندیان بۆ رابواردن و دووریان لە شارستانیەت باڵی بەسەردا کێشاون. هەر بۆیە کەوتونەتە ژێر دەستی خەڵکانی باکور، بەلام دانیشتوانی ناوچە فێنکەکان بەرێك پۆشی و خاوەن جەستەی رێك و رەوشت بەرزی ناسراون، هەر بۆیە ئایینەکان لە ناویاندا دەرکەوتوون. ئەمەو ئیبن خەلدون دەگاتە ئەوەی کە هەرێمە فێنکەکان باشترین هەرێمی دانیشتوانن.

هەروەها ئاماژەشی بەوەداوە کە جیاوازی سروشتی زەوییەکان لە کەنارەکانەوە بۆ ناوخۆو لە دەشتەکانەوە بۆ چیاکان و لەبیابانەکانەوە بۆ شارەکان، کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەبووە وە هەیە، تەنانەت لەهەر یەکێك لەم سروشتە جیاوازانە داب و نەریت و پیشەسازی تایبەت بەخۆیان هەیەو خێزانی هەر ناوچەیەکیش پایەیەکی سروشتی جیاوازیان لە ناوچەکانی‌تردا هەیە. بەم شێوازەش ئیبن خەلدون هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان دەوروبەری جوگرافی و دەوروبەری کۆمەڵایەتی ببەستێت بەیەکەوەو سروشتی چالاکیە مرۆییەکان لەسەر سروشتی زەوییەکان هەر لە(کشتوکاڵ و کانەکان..تاد) دیاری بکات(٤٦).

لە کۆبەندی بیروڕاکانی ئیبن خەلدون دا دەگەینە ئەوەی کە بیروڕاکانی وەسفین بەر لەوەی شیکاری بن و تیایدا پێشکەوتنی بارودۆخ و دیاردەکانی کۆمەڵگاکانی رەچاونەکردووە. بۆ ئەوەش نەچووە کە ئەم راڤە جوگرافیە تەنها بابەتێکە بۆ تێروانین لە کۆمەڵگاو هیچی‌تر، بەڵکو بە پێچەوانەوە دیاردەی‌تری خستۆتە ناو تیوریەکانەوە وەك ئایینەکان و بنەمامرۆییەکان و هۆکارە دەروونی و ئابورییەکان(٤٧).

### ب-جان بۆدان (١٥٣٠-١٥٩٦ز):-

(بۆدان)یش بەر لە (شارل دی مونتسکیۆ) بانگەشەی بۆ (تێوری دەوروبەر) کرد و پشتی بەووتەکانی خۆی بەست کە لە کتێبی (شەش کتێب لە سەرکۆماری ) لە ساڵی (١٥٧٧ز) بلاوی کردووەو تیایدا بیروڕاکانی لەسەر راڤەی جوگرافی و ئاووهەوا بۆ مێژوو روون کردەوە.

بۆدان لە تیورییەکەیدا باسی لە جۆرەکانی مرۆڤایەتی کردو بە شێوازێك یاساو دەزگاکانی بۆ سێ هەرێمی ئاووهەوا دابەشکردو تیایدا سروشتی چالاکیە مرۆییەکانی دانیشتوانەکەی بەسروشت و جۆری دەسەڵاتەکە بەستەوە. ئەولای وابوو دانیشتوانی باکوری سارد خەڵکانێك پەروەردە دەکەن کە لە رووی جەستەیەوە گەورە بن و حەز بە دەسەلاتی دیموکراتی بکەن، بەلام باشوور کە بەهۆی بەتینی گەرماوە دانیشتوانی کەمە، خەڵکانی زیرەك، بەلام تەمبەڵ و لاواز پەروەردە دەکات و حەز بە سیستەمی (ثیوقراتی)(٤٨). و جۆرێك لە جۆرەکانی هەڵچوون دەکەن. هەرچی هەرێمی ناوەڕاستە واتە ناوچەفێنکەکان بەهۆی لەباری ئاووهەواوە حەز بە سیستەمی پاشایەتی دەکەن. لەم رووەوە بۆدان فەرەنسای نیشتمانی بە نموونەیەکی ئەو جۆرە دانابوو(٤٩).

بەم شێوازە بۆدان رەنگدانەوەی سروشتی بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خستبوە روو، بەلام بەسەر کۆمەڵگاکانی‌تردا نەسەپاند، هەر بۆیە ئەم تێوریە

(ئارنست بلۆخ)ی نووسەری هاندا بە (تێروانینێکی دواکەوتوویی قورس ) سەیربکات(٥٠).

## ج-شارل دی مونتسکیۆ(١٦٨٩-١٧٥٥ن):-

(مۆنتسکیۆ)ش لە دیارترین ئەوانە بوو (تیۆری ئاووهەواکان)ی بەرزکردەوەو تیایدا بیروبۆچوونەکانی لەسەر دەوروبەری جوگرافی و سروشتی ئادەمیزادی لە رووی یاساو یاسادانانەوە بەیەکەوە بەستەوەو لە بەرهەمەکەیدا (گیانی یاساکان)یان (گیانی یاسادانانەکان) کە لە ساڵی (١٧٢٨ن) بڵاوی کردەووە و پوختەی بیرکردنەوە مێژوویی و سیاسیەکانی تیاخستەروو.

مۆنتسکیۆ گەیشتە ئەوەی کە ئەو گیانە لە هەموو لایەکەوە بەبارودۆخێکی ماددیەوە بەستراوەتەوەو ئەوەی روونکردەوە کە خاك و ئاووهەواو تۆبوگرافیاو ئەنثرپۆلۆژیا لە هەموو گەلاندا زەمینەی ئەو بارودۆخە دەرەخسێنێت کە یاساکان و رێکخستنەکانی لەسەر دامەزراون.

(مۆنتسکیۆ)ش لە شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلوجییەوە بۆ تیۆریەکەی ( رێژەیی یاساکان)ی دووپات کردو گەیشتەتە ئەو واقیعەی کە هەموو شتێك سروشتێکی هەیە و یاساکانیش ئەو پەیوەندییە گرنگەن کە لە سروشتی شتەکانەوە دەرئەنجام کراون هەموو شتێکی جولاویش لەم جیهاندا دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاسا نەگۆڕەکانەوە(٥١). هەروەها تێبینی ئەوەشی کردو کە بەدرێژایی سەردەمەکان دروست بوون, بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستە تاکە جیاوازەکان بکەونە ژێر شیکارو لێکۆڵینەوەو تیایدا بارودۆخی ژیانی هەرێمەکەو ئابوری یان و پلەی ریزبەندیان لە نێو تاکەکانی کۆمەڵ و بیروبۆچوونە رەوشتی و ئاینیەکان و سروشتی دەروونی ومادی و پەیوەندی نێوانیان لەبەرچاو بگیرێن.(٥٢)

لەسەر ئەو بنەمایانەوە مونتسکیۆ هۆکارە سروشتیەکانی لەسەروو هۆکارەکانی گەلان و یاساکانیان دانا. ئەو هۆکارانەش (ئاووهەوا و تۆبۆگرافیاو زەوی)بوون لە نێویشیاندا بایەخێکی تایبەتی بە ئاووهەوادا لەم رووەشەوە ووتویەتی و بەڕاستی چاك ووتراوە کە سیفاتی ژیری و ئارەزووەکانی دڵ بەپێ جیاوازی ئاووهەواکان جیاوازیان هەیە. هەروەها دەکرێت یاساکان لەگەڵ ئارەزووکاندا یەکانگیر بکرێت". لای ئەو (ئاووهەوای سارد کەسانی بەهێزو ئازا دروست دەکات و بەوەش دەتوانێت پارێزگاری لە ئازادییەکەیان بکات, بەڵام ئاوهەوای گەرم کەسانی لاوازو رەوشت نزم دروست دەکات هەر بۆیە ئەم نەتەوانە بە نەتەوەی دوور دەست ناوبراون"

هەروەها مونتسکیۆ سروشتی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی سیاسی بەیەکەوە گرێداوە, لەلای ئەو بەندایەتی سیاسی کەوتە ژێر کاریگەری سروشتی ئاووهەواو بەبەراورد بەبەندایەتی شارستانی و خێزانی. لەم روانگەشەوە لەهەندێك ولاتدا سیستەمی تاك رەوی و فرەژنی و لە ژێر کاریگەری ئاووهەواوە دروست بوو, لە کاتێکدا لە هەندێك وولاتیتر ئازادی و یەك ژنی و سیستەمی کۆماری پیادە کرا. دیارە ئەو ئایینەشی لەگەڵ ئاوهەوای ولاتێك لە ولاتەکاندا ناگونجێت نەجێگای بایەخ دەبێت و نە تاسەریش بڕدەکات, بۆیە لای مونتسکیۆ جیاوازی پێویستیەکانی هەرکۆمەڵگایەك بە ئاوهەواوە بەستراوەنەوە هەر ئەویش کاریگەری لەسەر شێوازی ژیان و باساکانی هەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتان دیاری کرد(٥٣).

لەگەڵ ئەوەی مونتسکیۆ بایەخێکی گرنگی بە ئاوهەواداو بە بنەمایەکی سەرەکی گۆڕانکاریەکانی دانا بایەخی هۆکارەکانی تری وەلاوە نەنا, بەڵکو لە ئاست پایەی ئاوهەوادا دای نان لەمەشەوە شێوازی سیاسەتی دەوڵەتی بە ئاوهەواوە بەستەوە و ئەوەشی دووپات کردەوە کە تۆبوگرافیا سەرەتا سنووری دەوڵەت و دواتر شێوەکەی دیاری دەکات. لەم رووەوە لای ئەو سیستەمی دیکتاتۆری لە رووبەرێکی بچوك و سیستەمی پاشایەتی بۆ رووبەرێکی مام ناوەندی و سیستەمی دیکتاتۆری بۆ ڕووبەرێکی فراوان شیاوتردانا. ئەوەشی بە ئیمپراتۆریەکانی خۆرهەڵات لەپێ دەشتی ئاسیا بە سیستەمە سیاسیەکانی ئەوروپا بە راوردکرد تیۆریەکەی پێ پشت ئەستوور کردووە(٥٤).

ئەمەو موتسکیۆ بایەخی بە کاریگەری زەویش دا لە پەیوەندی نێوان شێوەی دەوروبەرو و مومارەسەکردنی پیادەکردنی سەربەستی بەراوردی کرد. ئەو پێی وابوو تا زەوی بە کەڵکی کشتوکاڵ بێت گیانی خۆپەرستی و لایەنگری زیاتر دەکات, هەر بۆیە لای وابوو کەئەو گەلانەی کشتوکاڵ ناکەن زیاتر سەربەست و ئازادترن, زەوییە بەجێ

هێڵراوەکان, دانیشتوانەکەی بەرەو بەتوانایی و ئازایەتی و کارکردنی جیدی دەبات و حەز بە شەڕیش دەکەن تا بەهۆی ئەو خەسڵەت و توانایەیانەوە پێویستیەکانی ڕۆژانەیان دابین بکەن. لەمەشەوە دانیشتوانی باکوور حەزیان بەو دیاردەیەکردوە و باشورییەکانیش حەز یان بە دەوڵەمەندبوون و پیاکردنی ئازادی کردوە.

ئەم شیکردنەوانەی مونتسکیۆ دەربارەی کاریگەری سروشتی وایان لیکرد کاریگەری بەرهەم هێنان لەسەر کاریگەری سروشت و شێوازەکانی گەلان روون بکاتەوە. بە واتایەکی تر لای ئەو یاساکان ژیانەوە بەستراونەوە. سروشتی زەویش لای ئەو کاریگەری لەسەر هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی دروست نەکرد تەنها لەسەر ئەوە نەبێت کاریگەری لەسەر شێوازی کارو ئامانجەکانی بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ژیانی دروست کرد. هەر بۆیە لایەنگری ئەوەبوو کە خەسڵەتی کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان ئازاترن و ئازادیش کۆمەڵگاپیشەسازییەکانیش ئازاد بەکورتی لای مونتسکیۆ کاریگەری سروشت و دەوروبەرو ئاوهەوا کاریگەری لەسەر ڕەوشت و داب و نەریت و یاسای گەلان دروست کردوە(٥٥).

## سێیەم/پەیوەندی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانی بەحەتمیەتی دەوروبەرەوە:-

زۆربەی بیرمەندو زاناو توێژەران و جوگرافیاناسان ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە دەوروبەر بایەخ و کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی مرۆیی لە رووی کۆمەڵایەتی و شارستانیەوە دروست کردوە. لەم رووەوە (جان جاك رۆسۆ/١٧١٣-١٧٧٨ز) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە مرۆڤ لەسەرەتادا رووبەرووی دیاردە سروشتیەکانی وەك سەرمای سەخت و گەرمای زۆر بۆتەوە. ئەوەش ناچاری کردووە کە داوای یارمەتی لە خەڵکانی‌تر بکات و لەسەر راوبەخێوکردنی ئاژەڵ بژێوی ژیانی دابین بکات.

کاتێکیش رووبەرووی لافاو بومەلەرز بۆتەوە, زمانی بۆ لەیەك گەیشتن داهێناوەو دواتریش هیواکانی سەریان هەڵداوەو لەسەر شوێن کەوتنی هیواکانیشی ململانێ و دوژمنایەتی پەیدا بوە (٥٦). ئەمەو لەلایەکی ترەوە لە سەدەی هەژدەیەمیشدا بیرواو فەلسەفە ماددیەکانی فەرەنسی سەریان هەڵدا کەواتاو بۆچوون و هەستە مرۆڤایەتیەکانی لە گۆشەنیگای بەرهەمەکانی دەوروبەرەوە سەیری کرد لای (هلفسیوس) ئاوهەوا کاریگەری لەسەر سروشت دروست کردبوو, بەڵام (بلیخانۆف) رەخنەی لەو رایەی گرت. (جان پاتیست لامارك/١٧٤٤-١٨٢٩ز) تیۆری خەسڵەتەکانی بۆماوەی هێنایە گۆڕێ کە باوەڕی بە گواستنەوەی خەسڵەتی نوێ هەبوو لەڕێگای بۆماوەوە. (چارلس داروین/١٨٠٩-١٨٨٢ز)یش تیۆری خۆگونجاندنی لەگەڵ سروشتدا هێنایە گۆڕێ. (فریمان)یش گۆڕانکاریەکی بەسەرتیۆرییەکەی داروینیدا هێناو ئەوەی خستە روو کە هەموو بونەوەر توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ سروشت و دەوروبەر نییە. بەڵگەشی ئەوەبوو کە لە هەر سەردەمێکی مێژوویی و لە هەر ناوچەیەکدا مرۆڤ لە ژێرکاریگەری ئاوهەوادا بووەو لە رووی بایۆلۆجی و رۆشنبیرییەوە خۆی لەگەڵ دەوروبەردا گونجاندووە(٥٧).

(هنری تۆماس باکل/١٨٢١-١٨٦٢ز)یش باوەڕی وابوو کە مرۆڤ پەروەردەی دەوروبەری زەوییەکەی و کوڕی دەوروبەرەکەیەتی بوە. لای ئەو دەوروبەری بیابان کاریگەری لەسەر دروست بوونی سیستەمی خێڵەکی و دەوروبەری کشتوکاڵیش رۆڵی لە دروست بوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی گوندنشیندا بینیوە و پێشی وابوو (هیندییەکان تەنها هەژاریان لە چارە نوسراوە) چونکە خەسڵەتی سروشتی و وڵاتەکەیان بەسەریاندا فەرزی کردووە. هەرچی شارستانیەکانی‌تری جگە لە شارستانیەتی ئەوروپین لە ژێر کاریگەری دەوروبەرو سروشت دا خەیاڵ ژێرییەکانیشیان رۆوپۆش کردوون(٥٨).

زانای ئەمریکایش (ئیلزویرپ هنتگتن/١٨٧٦-١٩٤٧ز) باوەڕی بەکاریگەری ئاووهەوا هەبوو لەسەر چالاکیە مرۆیی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتەکان ئەو رایانەشی لە کتێبی (شارستانیەت و ئاوهەوا)دا لە ساڵی (١٩١٥ز) بڵاوکردەوە. لای ئەو ئاوهەوای وەرزی هۆکاری بەرەو پێش چوونی چالاکیە مرۆییەکان بووە, بەڵام ئاوهەوای گەرم هۆکاری (سستی) و ئاوهەوای ساردیش هۆکاری (لاوازی بیرکردنەوە)و ئاوهەوای مام ناوەندیش هۆکاری (باشترین شێوازی شارستانیەت) بوون. هنتجتن پشتگیری راکانی زانای جوگرافی (هربرتسون)ی کرد کە باوەڕی وابوو

مەڵبەندە سەرەکییەکانی شارستانی بەرەو ناوچە ساردەکان خزاون.

(میتنکۆف)یش باوەڕی وابوو شارستانیەتەکان لە کەنار رووبارەکانی (عیراق و میسر و هیند و چین)ەوە بەرەو کەنار دەریاکانی (فینقی و یۆنانی و رۆمانیەکان) و دواتر بەرەو کەنار زەریاکانی (ئەوروپا و ئەمریکا و خۆرهەڵاتی ئاسیا) گوازراوەتەوە(٦٠).

(ماریون نیو بیجین)یش (جووڵەی خزانی شارستانیەتەکان)ی وا لێکدایەتەوە کە لە (بابل)ەوە بۆ (ئە سیناو رۆما) و لەوێوە بۆ ( پاریس و لەندەن) گوازراوەتەوە.

لەلایەکی‌ترەوە هەندێك لە توێژەران و جوگرافیاناسانی وەك (موردی کورسی‌و وورد و هربرتسون و فیدال دی لابلاش کاریگەری چیاو دەریا و دەشتایی و دورگەو رووبارەکانیان لەسەر رێکخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سەرجەم کۆمڵگاکان خستۆتە روو باوەڕیشیان وابوو کە مێژووی کۆمڵگاکانی مرۆڤایەتی سەرەتایی بوون یان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا لە ژێر کاریگەری جوگرافیا و دەوروبەری بوون(٦١). لەو رووەشەوە زاراوەی (جوگرافیای سیاسی)یان هێنایە ئارا.

ئەو رایانەی لەسەرکاریگەری جوگرافیا و دەوروبەرو سروشت سەرنجیان خرایە پاڵ دووچاری رەخنە و سەر لە نوێ پیاچوونەوەی زانستی بوون, لەوانە (جوردن ئیست) رای وابوو کەوا جوگرافیا وەك زانستێك بەردەوام گەشە دەکات و ناکرێتە پێوەری راڤەی مێژوو, هەروەك زۆرێك لە زاناو توێژەران و جوگرافیا ناسان باوەڕیان وابوو(٦٢). (جۆرج جودی تشیزولم/١٨٥٠-١٩٣٠ز)یش رەخنەی لە تیۆری (ئاوهەواو دەوروبەر) گرت و پێ وابوو کە دەوروبەر بنەمای گۆرانکاری و راڤەی ژیانی مرۆڤایەتی نییە, بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی سروشتی و چالاکیە مرۆییەکانەوە هەیە, چەند باسێکی رێژەیین و یاسای ئەزموونین زیاتر لەوەی ئەنجامی زانستی بن(٦٣). (شارلی لیوناردو سیموندی/١٧٧٢-١٨٤٢ز) مێژوو نووسی ئابوریش پێ وابوو کە سەرەڕای ئەوەی شارستانیەتە مرۆییەکان بەردەوام لە گۆراندان, بەڵام دەوروبەرە جوگرافیەکان نەگۆڕن و وەك خۆیان دەمێننەوە(٦٤). (کاسیرو)ش پێی وابوو کە (بارەماددییەکان) پێویستە بە پرۆگرامی ماددی) لێك بدرێنەوەو پێویستە ئەو راستیەش لەبەرچاو بگیرێت کە کاتی مێژوویی لە ئاست کاتی بونەوەردا بەگشتی گەردێکی بچوکە(٦٥).

بەکورتی کاریگەری دەوروبەرو سروشت و بنەما جوگرافیەکان رۆڵی خۆیان لە گۆرانکارییە جەستەیی و رەوشتی و بیرکردنەوەو داب و نەریتە مرۆییەکاندا بینیوە, بەڵام ئەو کاریگەریانەش بە تەنها رۆڵی خۆیان نەبینیوە بەقەت ئەوەی لە چەند کاتێکی دیاریکراو و لە چەندناوچەیەکی دیاریکراودا رۆڵی خۆیان گێراوە, بۆیە دەکرێت وەك یەکێك لە کاریگەریەکان سەیربکرێت(٦٦).

چوارەم/

راڤەی رەگەزی بۆ مێژوو:-

راڤەی رەگەزپەرستی:- ئەم جۆرە راڤەکردنە بۆ مێژوو بە مەترسیدارترین تیورییەکانی راڤەکردنی مێژوو دادەنرێت, کە تیایدا (جیاوازی وچەوساندنەوە) دەکاتە بنەمای لەیەك تێگەیشتنی بۆ مێژوو, کە لە بنەرەتییشدا جیاوازییەکان لە رەنگ و شێوەی بایۆلۆجی مرۆڤەکاندا خۆی دەبینێتەوە(٦٧).

گەرچی لەم شێوازەی راڤەکردندا بۆ مێژوو رووداوەکانی (رەگەزپەرستی ) خۆی دەسەپێنی, بەڵام جیاوازی لە تێروانین و دەربرینی رەسەنایەتی و رەگەزو شێوەو پۆلەکاندا بەدی دەکرێت.

لای هەندێك لە زاناکانی وەك (کالموس) و (هانهارت) و (بنروز) بە راڤەکردن و تیۆرییەکی هەڵەو دوور لە منطق سەیرکراوەو ناکرێت ببێتە بنەمای راڤەی مێژوویی هەر لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك لە شێوەدا یان لە رابردوویەکدا نزیکایەتیان بووبێت(٦٨).

لە راستیشدا ئەوانەی مێژوو وروداوەکانیان لەم تێروانینەوە راڤەکردووە پشتیان بە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەستبووە کە لە نێوسیستەمی خێڵایەتیدا

بەرێوەچوون و رەگەزو رەسەنەکەیان لەسەرچاوە پیرۆزەکان وەرگرتووە, بۆیە هەر کۆمەڵگایەك لە چۆنیەتی شێوازی خواپەرستی و رابردو پەرستی و بەتوانایی و لێهاتوویی خۆیانەوە سەیری بەرامبەر و پێشینەکانی خۆیان کردووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناكرێت قۆناغێكی ژیانی سەرەتایی كە یەكێكە لە قۆناغەكانی مێژوو بكرێتەبنەمای راڤە كردنێك و شێوازێكی دیاری شارستانیەت,

دیارە ئەگەر سەیرێكی ئەو شارستانیەتە كۆنانە بكەین كە خاوەن پایەیەكی بەرزبوون وەك (بابلی و میسری و گریكی و رۆمانی)یەكان, كۆمەڵگاكەیان لەسەر دابەشكردنی توێژەكانی كۆمەڵ وەك (گەورەكان و ئازادیخوازەكان و كۆیلەكان) دابەشكردبوو. ئەودیاردەیەش لای هەندێك و یاردەیەكی سروشتی و بۆماوەیی بوو هەر وەك (ئەرستۆ)ش باوەڕی پێبوو. ئەم بۆ چوونانەش خۆی لە خۆیدا دەرئەنجامی قۆناغێكی مێژوویی بووكە تیایدا لە كاتی شەڕو ململانێ سیاسی و سەربازییەكاندا هێزە سەردەست و براوەكانی ململانێ و شەڕەكە كۆمەڵێكیان لە بەرامبەرەكانیان بە دیل دەگرت و دەیانكردنە كۆیلەو لە بازارەكاندا مامەڵەی كڕین و فرۆشتنیان پێوە دەكرا, بەمەش نەك هەر كۆیلایەتی پێوە دەركەوت, جیاوازی ئابوری و كۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەشی لێكەوتەوە كە دواتر لە ژێر ئەو بارودۆخەدا كاری لە رەنگیشیان كرد, هەر وەك ئەوەی لە هیندستاندا روویدا.

تیۆری رەگەزپەرستی وەك شێوازێكیتری راڤەكردنی مێژوو لە رووی ئەو فاكتەرانەوەو لە شێوازێكی نوێدا لە ژێركاریگەری دۆزینەوە جوگرافی ئەوروپیەكان لە كۆتایی سەدەی پانزەیەمی زایینی و سەرەتای سەدەی شانزەیەمی زایینی سەری هەڵدا. ئەوەش پاش ئەوەی دەوڵەتە ئیستعمارە ئەوروپیەكان لە دۆزینەوەكانیاندا بەرەنگ و سیماو داب و نەریت و ژیانی خەڵكانێك ئاشنابوون كە لە خوار ئاستی گوزەران و ژیان و شێوەوسیمای ئەوانەوە بوون بەوەش جیاوازی جەستەیی و شارستانی و ماددەی لە نێوان ئەو گەلانەی ئیستعمارە ئەوروپیەكان و دۆزییانەوە داگیریان كرد لەگەڵ ئەوروپیەكاندا دەركەوت, كە هەڵێكی بۆ ئەوروپیەكان رەخساندتا سوود لە پێشكەوتن و بەتوانایی و دەست رەنگینی خۆیان ببینن و هێزی خۆیان بەسەر ناوچەداگیركراوەكانی هەردوو ئەمریكا و ئەفریقیاو باشوری خۆرهەلاتی ئاسیا دا بسەپێنن ئەوانیش لە بەرامبەر خۆیاندا بە كۆیلە بزانن هەروەك بەسەر هیندیە سورەكانی ئەمریكا و رەش پێستەكانی ئەفریقیادا هات. سەر ئەنجام لای ئەوان بالادەستی رەگەزی سپی و شارستانیەتیان و بالادەستی زنجیرە مرۆییەكان بەسەریاندا بسەپێنن(٦٩). ئەو رووداوانەش توێژینەوەكانی ئەنثرپولۆژی و ئەركیۆلۆژی یان هێنایە گۆڕێ و كۆمەڵگاكانی جیهانیان بەسەر رەگەزو گروپ و سروشتەمرۆییەكاندا دابەشكرد(٧٠). لەم رووەوە تیۆری رەگەزپەرستی لەسەردەمی نوێدا سەری هەڵدا و سەرنجی دەیان بیرمەند و مێژوونووس و فەیلەسوفەكانی راكێشا, بەتایبەت و ئەڵمانی و فەرەنسیەكان, كە تیایدا چەندین راو بۆچوونی نوێیان لەسەر ئەم تیۆریە خستەروو. لەم بوارەشدا شۆڕشی فەرەنسی (٧١). و شەڕەكانی ناپلیۆن رۆڵی كاریگەری لە پەرەسەندن و گەشەكردنی هەستی نەتەوایەتی ئەڵمانیا دا دروستكرد و لەسەردەمانی دواتردا تیۆری رەگەزپەرستی گەیشتە ئاستی رۆمانسیەت و ئەوپەڕی سنوری تێپەراند(٧٢).

**-جوهان هیردر(١٧٤٤-١٨٠٣):-**

بەیەكێك لە تیۆریستانی راڤەی رەگەز پەرستی دادەنرێت كە باوەڕی بە (گیانی كۆمەڵ) و (گیانی گەل) هەبوو. لای ئەو هەرگەلە خاوەنی خەسڵەتی جیاوازی بوو كە شارستانیەتی لەسەردامەزراوە. (هیردر) باوەری بە (تاك)یش هەبوو كە رۆڵی لەگەشەكردنی كۆمەڵدا هەبێت و كۆمەڵگا بەرەو پێشەوە ببات. بەوپێیەش هیردر لە تیۆریەكانیدا پشتی بە كەلتوری ئەڵمانی بەستبوو, تیۆرییەكانی بۆ بیری سیاسی گۆران و بوونە سەرچاوەی نازییەكان). (نۆڤالیس)یش باوەڕی بەوەنەبوو كە ژێری مرۆڤ چارەسەری كێشە مرۆییەكان بكات. (شلیگل)یش باوەڕی بەتیۆری (ئەندامی دووپاتكردنەوە باوەڕیشی وابوو كە هیچ تاكێك ناتوانێت بە تەنیا بژێ. (شلیرماخر)یش باوەڕی وابوو كە تاك ونەتەوەو دەوڵەت تەواوكەری یەكترن و هەریەكەیان پشت بەویتریان دەبەستن. (ئادەم مویلر)یش لە تیۆرە رەگەزپەرەستیەكەیدا وەك ئەوانی پێشوو خاوەنی تێوری خۆی بوو كە بە (تیۆری دەوڵەت) ناسرا و باوەڕی وابوو كە (دەوڵەت هەموو ژیانە) ونموونەكەشی بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیا بوو كە دواتر (هیگل) وەك فەیلەسوف و (بسمارك وهیتلەر ) وەك سیاسی كاریان بۆ كرد(٧٣). (ترایتشك)یش بۆ ئەوە چوو كە (ئیستعماری ئەوروپی لەكار داگیركاریەكدا بە ئەركی شارستانی خۆی



ئەریك فرۆم

هەستاوە و کارێکی خراپی نەکردووەو پیاوی سپی لە بەرامبەر رەنگاو رەنگدا بەسەر دەستەو بالا دەست داناوە(٧٤).

-(جوهان فختە/١٧٦٢-١٨١٤):-

لەدیارترین بیرمەندانی ئەڵمان بوو کە باوەڕی بە(گیانی نەتەوەیی ئەڵمانیا) هەبوو کە لەکتێبی (چەند ووتارێك بۆ نەتەوەی ئەڵمانی) خستیەروو. هەروەها لە کتێبی (دەوڵەتی بازرگانی داخراو) دا بانگەشەی بۆ خۆڕێبەری و قەناعەتی خۆیی کرد و(٧٥). بالا دەستی رەگەزی ئەڵمانی بەسەر سەرجەم گەلانی‌تردا بە واقیع زانی کە تیایدا( پێشکەوتووترین خەڵك و کۆمەڵن و رەزامەندی خواشیان لە پشتەوەیە). کە ئەمەش کت ومت بیروڕای نازییەکان بوو کە لەوەوە وەریان گرت(٧٨).

-فردریك نیتشە(١٨٤٤-١٩٠٠ز):-

نیشتە فەیلەسوفێکی ئەڵمانی بوو، کە بەیەکێك لەلایەنگرانی ( لا عەقلانی) ناسراو هەستێکی رەگەزپەرستی لە تیۆری و بیروراکانی‌دا دەرکەوت کە ئەوەش وای لە نازییەکان کرد سوودێکی زۆر لە بیروڕاکانی وەربگرن.

نیتشە سوودێکی زۆری لە تیۆری (ئیرادە و هێز)ی شوپنهار

( ١٧٨٨-١٨٦٠ز) وتیۆری (ململانێ لە پێناوی مانەوەی) چارلس داروین وەرگرت و بەهەردوو تیۆریەکە، تیۆریەکەی خۆی داڕشت. ئەو لە کتێبی ( زەردەشت ئاوەهای گوت ) بانگەشەی بۆ ئەو پیاوە کرد کە (بالا بەرز) و خوڵقێنەرو وەك سۆپەرمانێکیان، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەرخستنی رۆڵی (تاك) بوو لە مێژوودا. ئەو پێ وابوو کە شێوازی ئوروستوکراتی لە شێوازی کۆت و بەندی ئایین و کۆیلایەتی باشترەو (رەگەزی ئاری)شی بە (ئاژەڵی تیوتونی ئاڵتونی) دانا کە باشترین رەگەزو توێژی کۆمەڵ بوون. هەروەها بانگەشەی بۆ ئەو ئەرستۆکراتیە نوییە کرد کە (گەل) دەکاتە هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی گەورەیی هێزو ئیرادەو (بیری دادپەروەر)یشی بە تەواوی رەتکردەوەو (گەلی هەڵبژاردە) و (رەگەزی رەسەن و دێرین)ی کردە بنەمای تیۆرییەکەی کە لە هەموو ئەو بانگەشەو باوەربوونانەدا مەبەستی لەگەڵی ئەڵمانی و رەگەزی ئاری بوو. پوختەی تیۆریەکەش لەوەدا کۆبووبووەوە کە ئیرادەی هێزی رەگەزپەرستی ژیان و مێژووی بەشێوازی ماددی و مەعنەوی رەوشتی دروست کردووە(٧٧).

-ئارپردی غوبینو(١٨١٦-١٨٨٢ز):-

(کۆنت ئارثردی غوبینو)ی دیپلۆمات و نووسەری فەرەنسی کە لەبنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی ناسراوبوو، لە دیارترینی ئەو بیرمەندانە دەژمێردرێت کە بانگەشەی بۆ (تیۆری رەگەزەکان)کردو لەبەرهەمی (هەوڵێك دەربارەی وونبوونی یەکسانی لە نێوان رەگەزەکانی مرۆڤدا)شیکاری ووردی بۆ کرد. (غوبینو)باوەڕی وابوو کە مرۆڤ توانای گۆرینی چارەنووسی نییە و رەگەزە جیاوازەکانی مرۆڤیش لە رەوشت و ژیریدا لەیەك جیاوازن. لای ئەو مێژوو جگە لە تێکەڵی چەند بیروباوەرێکی خۆیی شتێکی دی نییە و ناچێتە خانەی زانستەوە (رەگەزی سپی)شی بەباشترین رەگەزو سەردەستەی رەگەزەکانی ناسی. فەرەنساش لای ئەو یەك رەگەزنەبوو، بەڵکو لە رەگەزێکی بەرزو دێرینی فەرەنجەکان و رەگەزێکی سادەوخوارووی کۆمەڵ پێکهاتبوو.

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە رۆمانسیەتی رەگەزپەرستی باڵی بەسەر بیروراکانی (غوبینۆ) کێشابوو، چونکە پیاوی گەورەی بەرەگەزەوە بەستبووەوە و رەگەزی بە تاکە فاکتەری بزواندنی مێژوودانا بوو.

هەروەها ئەو باوەڕی بە دەوڵەتی فرەیی و نیشتمانی نەبوو بە قەت ئەوەی باوەری رەگەزێکی نەتەوەیی گەورە بوو لای وەك ئەوەی (ئاری تیوتونی) لە (نیشتمان پەروەریەتی) پێ باشتربوو.

هەروەها تێورییەکانی غوبینو لە دژی ئایینی مەسیحی و مەسیحیەت بوو چونکە نکۆڵی لە یەکسانی بەرەی مرۆڤایەتی دەکرد و رەگەزەکانی بە جیاواز لە یەکتر دەزانی. ئەمەو سەرباری ئەوەی (غوبینۆ) فەرەنسی بوو، بەڵام بیروڕاکانی لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە سوودی لێ وەرگیراو وەك بنەمای دەسەڵاتی نازییەتی ئەڵمانیا سەیر کرا(٧٩).

-جۆرج سوریل(١٨٤٧-١٩٢٢ز):-

بیروراکانی فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی فەرەنسی (جۆرج سوریل)یش کاریگەری لەسەر بیروڕای فاشیەت بەجێهێشت بەرادەیەك هەندێك لایان وابوو (مۆسۆلینی) رابەری فاشیەکان (سوریل)ی وەك مامۆستای فاشیەت سەیر کردووە.

هەروەها لە بەرهەمەکەیدا (تێرامان لە توندوتیژی) کە ساڵی (١٩٠٨ )ز بڵاویکردەوە، داوای گۆرینی سیستەمی تۆباویی بۆ سیستەمی خورافی کرد و باوەری بە (هەڵبژاردەی پێشەنگەکان) هەبوو. ئەمەو لە بیری سۆسیالیستیشدا باوەری بەرێکخراوەکان(٨٠). هەبوو وەك ئەوەی پێویستییەکی کۆمەڵایەتیە، ئەمەو بیروراکانی سوریل بە ناعەقڵانی و رەگەزپەرستی ناسران(٨١).

پێنجەم/

-راڤەی نازیەت و فاشیەت بۆ مێژوو:-

نازیەت وەك بیرێکی سیاسی لە ئەڵمانیا بۆ (ئادۆلف هیتلەر/١٨٨٩-١٩٤٥ز) و ناوی پارتەکەی (پارتی نیشتمانی سۆشیالستی) دەگەرێتەوە، کە وەك تیۆریەکی سیاسی و بیروڕای رەگەزپەرستی سەری هەڵدا.

سەبارەت بە دیارترین بیرمەندەکانی ئەم بیرە سیاسیە( ئەلفرید روزنبرگ) بە دیارترین ئەو بیرمەندانە دادەنرێت کە لە بەرهەمی (خورافەی سەدەی بیستەم)دا نازیەتی روونکردەوەو بیروڕای رەگەز پەرستی نەژادی خستە روو تیایدا بیری (خوێنی پاك) و رەگەزئاری بەرزنرخان و داوای سەر لە نوێ زیندووکردنەوەی گەورەیی شارستانیەتی ئەڵمانیای کۆنی کرد.

(ئادۆلف هیتلەر)یش لە کتێبەکەیدا (تێکۆشانم)، وێڕای ئەو بانگەشانەی سەرەوە داوای دوورە پەرێزی رەگەزی ئاری کرد لەگەڵ رەگەزەکانیتر تا بە پاکی بمێنێتەوەو پیس نەبێت هەروەها بایەخی چەکی دەروونی و پروپاگەندەی خستەروو. سەبارەت بە (رەگەزی ئاری)یش وتویەتی" ئەوەی لە شارستانیەتە مرۆییەکاندا بەرچاومان دەکەوتوە، بەرهەمی داهێنانی چالاکیەکانی رەگەزی ئارین و ئاریش هەڵگری چرای خوایی و رێگای راستەقینەی مرۆڤایەتیە.. خۆ ئەگەر ئاریش لەناو بچێت تاریکی جیهان دادەپۆشێت و شارستانیەتەکان لە چەند سەدەیەکدا تێك دەچن(٨٢). سەبارەت بە (خوێنی پاکیش) وتویەتی"" لە کورسیەکانی خوێندندا کەسێك بەجێ نامێنێت کە باوەڕی بەو خوێنە پاکە نەبێت کە پێویستی ژیانە"(٨٣).

ئەمەو هەروەها نازیەت و خودی هیتلەر دروشمی (ئەڵمانیا لە سەروو هەمووانە)وەی بەرزکردەوە و یاسایەکی بۆ پاراستنی خوێنی ئەڵمانی دەرکرد. بۆ بیروراکانیشی سوودی لە (پاکترین مرۆڤ)ی نیتشەو (هێزو شەڕ)ی لای هیگل وەرگرت و (دەوڵەت)یشی وەك ژیرێکی رەسمی بۆ گەلی دانا، بەڵام سەرجەم ئەو بانگەشەو هەولانەی هیتلەر بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهات(٨٤).

لە ئیتالیاش تێوری رەگەزپەرستی فاشی لەلایەن رابەری ئیتالی (بنیتوموسولینی/١٨٨٣-١٩٤٥ز) سەری هەڵداو ئەویش بیرەکەی لە (سوریل)ی بیرمەندی فەرەنسی وەرگرت و ئەوەشی راگەیاند کە ئێمە خۆمان ئەفسانەی خۆمان دروستکردووە و ئەویش ئەفسانەی نەتەوەیەکە.. کە گەورەترین نەتەوەن. هەروەها پێ وابوو کە بیری شەڕ و فەراوانخوازی یاسایەکی شیاوی ژیانە و پێویستە ئیتالیاش ببێتە نەتەوەیەکی سەربازی. لەلایەکیترەوە موسۆلینی و بیرەفاشیەکەی بە (رومای کۆن) بەستەوەوە کە لای ئەو سەرەتای ئەفسانە و مەڵبەندی شانازی و ئازایەتی بوو خەوی بە ئیمپراتۆری رۆمانییەوە دەبینی و دەیویست دەریای ناوەڕاستیش بکاتە دەریایەکی لاتینی و دەوڵەتیش لەسەر حیسابی تاك گەورە بەرزبکاتەوە.

لە ئیسپانیاش (فلانجی) و (کتائب) وەك پارتی فاشی ئیتالیا بۆ پاراستنی داب و نەریتی نەتەوەیی ئیسپانیا سەریان هەڵدا. لە ساڵی (١٩٣٣ز)یش لەلایەن ( جوزیەدی ریڤیرا) پارتی پارێزگاری سیاسی ئیسپانیا دامەزراو بەشداری لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا کرد کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦-(١٩٣٩ز) بەیارمەتی ئەڵمانیای نازی بەرپابوو. بەوەش ئیسپانیا لە قۆناغێکدا فاشیەتی بەخۆوە گرت(٨٥) .



ئەرستۆ

شەشەم/

-ڕاڤەی زایونیزم بۆ مێژوو:-

(ڕاڤەی زایونیزم)یش لەلایەن بزوتنەوەی زایونیزم و لەسەر بنەمای سیاسەتی فراوانخوازی و ڕەگەزپەرستی سەری هەڵدا. ئەو بزوتنەوەیە کە هەڵگری دەرکردنی عەرەبە فەڵەستینیەکانیان بوون لەسەر خاکی عەرەبی(٨٦). خۆیان و بوونی فەڵەستینیەکان ونیشتمانی فەڵەستینیان ڕەتکردەوە لە دیارترین بیرمەندەکانی زایونیزمیش (ئەحاد هام و موشی هیس و ماکس نوردو) دەیانێتر بوون, کە بانگەشەیان بۆ ڕەگەزی پاکی جولەکەی (سەردەستەیی مرۆڤایەتی) کرد.

سەرەڕای دەرکەوتنی ئەو بزوتنەوەیەش لە. (ی تشرینی دووهەمی ١٩٧٥) لەلایەن کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەبڕیاری ژمارە (٣٣٧٩) زایۆنیزم بە شێوازێك لە شێوازەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاوازی ڕەگەز پەرستی دانا) وتیایدا (٧٢) دەوڵەتی ئەندامی ئەنجومەن دانیان پیانا, لە بەرامبەردا ئەو بزوتنەوەیە پەیوەندی و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ (ئەفریقیای باشوور) بەست کە سیاسەت ڕەگەزپەرستی لە دژی ڕەشپێستەکان بەرزکردەوە. بەکورتی زایۆنیزم لەسەربنەمای ڕەگەزپەرستی و پیرۆزی و گەورەیی ڕەگەزی جولەکە سەری هەڵدا وبیرەکەیان بە ئایینی ئاسمانی جوو وکتێبی (تەورات) پشت ئەستوورکرا.

شەشەم//

بیردۆزی کاری تاك- قارەمانیەتی بۆ مێژوو:-

تیۆری (قارەمان) یان (پیاوی گەورە) بۆ ڕاڤەی مێژوو, تیۆریەکی کۆنە و بۆ سەردەمی گریك دەگەڕێتەوەو ڕۆمانەکانیش باسیان کردووە هەروەها تا سەدەی نۆزدەیەمیش کاریگەری لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان بەجێهێشت(٨٧).

(تاك) و (ڕۆڵی تاك) لە مێژووداو لە دروستکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا سەرنجی زۆر لە مێژوونووس و بیرمەند فەیلەسوفەکانی ڕاکێشا و بەبایەخەوە باسیان لێوە کرد.

کاری تاك و بایەخی لەڕاڤە وتوێژینەوە مێژووییەکاندا:-

سەبارەت بە ڕۆڵ و بایەخی قارەمان لە مێژوودا جیاوازەو جیاوازییەکەش لەسەرجۆری تاکەکەگۆڕاوە لەم بواردەدا ئەگەر سەرکردە یان سیاسی یان سەربازی یان بیرمەند یان چاکسازی کۆمەڵایەتی یان فەیلەسوف و ئەدیب و هونەرمەند زانا) هەبووبن هەریەکەیان ڕۆڵی تایبەتی و جیاوازی خۆیان لە مێژوودا هەبوەو کۆمەڵێك فاکتەرو پرۆگرام و شیکردنەوەی جیاواز کاریگەریان لەسەر تاك و قارەمان و پیاوی گەورەدا دروستکردووە. (هوك) لەکتێبەکەیدا (قارەمان لە مێژوودا) نوسیویەتی "چارەنووسی گەلان لە سەردەمی شەڕەکان و شۆڕشەکاندا بەوەوە بەستراوەتەوە کە کەسێك بڕیاری لەسەر دەدات یان

چەند کەسێك بڕیاری لەسەر دەدات یان چەند کەسێك بڕیاری لەسەر دەدەن, بۆیە پێویستە بایەخ بە ژیان و هەوڵەکانیان بدرێت".

(هوك) لە شیکردنەوەی ( قارەمان لە مێژوودا) جیاوازی لە نێوان دووقارەماندا کرد کە یەکەمیان (قارەمانی ڕووداوەکانی مێژوو)ەو دوەمیان (ئەو قارەمانانەن کە ڕووداوەکانی مێژوو دروست دەکەن). لای ئەو یەکەمیان خۆی شانازی بە ڕووداوەکانی مێژوو دەکات, بەڵام دوویەمیان پیاوی دروستکەری ڕووداوەکانە(٨٨).

**-(تۆماس کارلایل/١٧٩٥-١٨٨١ز):-**

(کارلایل) بەدیارترینی ئەو نوسەرو بیرمەندانە دەژمێردرێت کە بە ئارەزوو و زیادەڕۆیی باسی ڕۆڵی قارەمان و پیاوی گەورەیان لە دروستکردنی ڕووداوەکانی مێژوودا کرد لە نووسینەکانیشیدا شێوازی ووتارو فەلسەفی بەکارهێناو کەوتۆتە ژێرکاریگەری فەیلەسوفەکانی وەك (کانت) و(فختە) و (گۆتە) لەبەرهەمەکەشیدا ( دەربارەی قارەمان و پەرستنی قارەمان و قارەمانیەتی لە مێژوودا) تیۆری (قارەمانیەتی) داڕشت لە بۆچوونی کارلایلدا مێژووبەگشتی ئەو مێژووەیەکە مرۆڤ بەرهەمی هێناوە, مێژوو لای ئەو, مێژووی ئەو پیاوە گەورانەیەکە لەم جیهانەدا ژیاون و کاریان کردووە تەنانەت هەموو کاریگەری و هۆکارە مێژووییەکان بێ ناوهێنانی پیاوەگەورەکان, ئەو بایەخ و کاریگەرو هۆکارەی نەبوە, بۆیە (مێژوو نووسین و ژیاننامەی پیاوە گەورەکانە بوە.

لە کۆنیشدا, (تاسیتۆس/١٢٠-٥٥پ.ز) ی مێژوونووسی ڕۆمانی سەردەمانێکی پێشتر بەر لە کارلایل باسی لە ڕۆڵی تاك کردووە و بایەخی قارەمان و ئیمپراتۆریەکانی خستۆتەروو(٨٩), بەڵام کارلایل وەك خاوەن تیۆریەك باسی لێوەکردوە. ئەولەکتێبی (مێژووی شۆڕشی فەرەنسی)دا باسی لەولایەنە سلبیانەکرد کە لە دووره پەرێزی قارەمانێکی شۆڕشەکەدا ڕوویان داوە: ئەمە بەو واتایەی شۆڕشەکە بێ سەرکردەیەکی نیشتمانی بوە, بۆیە دووچاری ئەو دیاردە سلبیانەبوون, بەڵام لە کتێبی (ژیان و نامەکانی ئولیڤەرکرۆمیل)دا وێنەی سەرکردەیەکی پێویستی خستۆتە ڕوو. لە کتێبی (مێژووی فردریکی گەورەدا) وەك فەرمانڕەوا پادشایەکی نموونەیی ناوی هێناوە(٩٠).

قارەمانی گەورە لای ئەم فەیلەسوفە ( مرۆڤێك بوە لە شێوەی خودا) و باوەڕی وابوە کە ڕێنمایی و چاودێری خوای بەسەرەوە بوە, شەش نموونەشی لەسەرقارەمان هێناوە ئەوانیش (ئودین) وەك خواو (محەمەد) وەك پێغەمبەرو

( دانتی وشکسپیر) وەك هۆنەر و (لوثرو نوکس) وەك ڕاهیبانی مەسیحی و (جوسون و ڕۆسو و بیرنز) وەك نووسەرو (کرۆمیل و ناپلیون) وەك فەرمانڕەوا, بۆیە لای ئەو تەنها قارەمان کەسانی سیاسی و سەرکردەی شەڕنەبوو, بەڵکو سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵیان گرتۆتەوە.

سەبارەت بە خەسڵەتەکانی قارەمانیش لای کارلایل ئەوەبوە کە ئەم خەسڵەتانەی تیا بێت( گیانی جیدی- ئازایەتی- بەتوانایی لەسەرکاروبەرهەم هێنان- دڵسۆزی- هێزی ئیرادە- بیرکردنەوەی قوڵ- ڕەسەنایەتی).ئەمەو وپێویستیشە بوو گیانی کاروژیانی تیا بێت(٩١).

**هەڵوێستی حەتمیەتی کۆمەڵایەتی لەسەر بیردۆزی قارەمانیەتی:-**

سەربارى ئەوەی زۆر لە فەیلەسوف و زانایانی کۆمەڵایەتی و مێژوونووسان باوەڕیان بە ڕۆڵی تاك و قارەمانانی مێژوو بوە لە دروستکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا, بەڵام کۆمەڵێکیتریان ئەو ڕۆڵەیان ڕەت دەکردۆتەوە بەهێزی کاری کۆمڵگایان زانیوە, لەوانەش (هیگل و سپلسرو مارکس و ئەنگلس و بلیخانوف.. هەندێکیتر... ).ئەوان پێیان وابوەکە (تاك) ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوەکان و دروستکردنی ڕووداوەکاندا ناگێڕێن, بەڵکو وەك هۆکارێکی سانەوەی ڕۆڵیان تیا دەگێڕاوە ئەوانیش وەك سەرجەم بنەماکانیتر هۆکار دەرەئەنجامی دروستکەری ڕووداوەکان و تاکەکان بێ کۆمەڵ و بێ کۆمەڵگاو دیاردەکانی دەوروبەری (قارەمان) وفاکتەری سەرەکی ڕووداوەکان نەبوون(٩٢).

(هیگل) وەك فەیلەسوفێك, لای وابوو کە پیاوە گەورەکان بەرهەمی بارودۆخە مادەی و کۆمەڵایەتی و بایۆلوجیەکان نەبوون, بەڵکو تەنها دەرکەوتەی گیانی

رۆژگارەکەیان و شارستانیەتی سەردەمەکەیان بوون, بۆیە ئاسایی لە هەموو سەردەمێکدا پیاوانی گەورە دەرکەوتون و رۆڵی خۆیان گێراوە(٩٣). هەروەها لە سەرقارەمانانی مێژوو پێویست بوە ببنە نموونەی ئازایەتی و دەربرین و شانازی و ژیری سەردەم, بەو پێیەی دەرئەنجامی کۆمەڵ و بەرهەمی کۆمەڵگاکەیان بوون(٩٤). بۆیە کاری قارەمانی مێژوو لای هیگل دەستەبەر کردنی ئیرادەی جیهان و جێبەجێکەری حوکمی مێژوویی و راڤەکردنی بزوتنەوەی موتڵەق بووە, چونکە ئەوان ئامێری دەستی موتلەق و کۆمەڵگاکەیان بوون(٩٥).

– (هربت سبنسر/١٨٢٠-١٩٠٣ز)یش :-

دەرکەوتن و رۆڵی قارەمانانی مێژووی بۆ باروودۆخە کۆمەلایەتیەکان و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی گێراوەتەوە, چونکە لای ئەو هەموو کۆمەڵگاکان بە شێوازێکیووردو بەبێ قۆناغەکانی گەشەکردن و پێشکەوتوون بەرهەمی ئەو پێشکەوتنە بوون. لە هەمان کاتیشدا بەرهەمی پێشکەوتنی بایۆلۆجی رەگەزی مرۆڤەکان بوون, بەلام ئەو باوەڕی بە کاریگەری دەوروبەرنەبووە لە سەرتاك(٩٦). بەقەت ئەوەی باوەڕی بەهۆکارە بایۆلۆجی و کۆمەلایەتیەکان بووە(٩٧).

-(کارل مارکس) و( فردريك ئەنگلس)یش:-

رۆڵ و دەرکەوتنی (قارەمانانی مێژوو) بۆ بنەماکانی ئابوری و شێوازی بەرهەم هێنان و ململانێی چینایەتی گێراوەتەوە. تەنانەت مارکس بەرپەرچی تێوری ( هەڵبژاردەکانی کۆمەڵ و مێژوی کارلایل)ی داوەتەوەو پێی وابوە گەلان هەموویان و بەتێکڕایی رۆڵیان لەسەر رووداوەکان و مێژوو هەبووە(٩٨). (ئەنگلس)یش رای وابوە کە (پێویستیە بنەما ئابورییەکان. پاڵنەرو دروستکەری رووداوە مێژووییەکابن و دەرکەوتنی قارەمانانیش سەرەڕای ئەوەی بەرهەمی ئەو بارودۆخەن, پێویستیەکی رۆژگاریشبوە. هەروەها بەراوردی دوو جۆر لە قارەمانانیشی کردووە, ئەو قارەمانانەی (رابەرانی بیروزانستن) و ئەوانەشی (قارەمانی گۆڕەپان و تێکۆشان و خەباتن). پێشی وابوە کە قارەمانێك رۆڵی تەواو ببێت ئەوا یەکێکی دی شوێنی دەگرێتەوە, سا ئەو شوێن گرتنەوەیە کاریگەری خراپ یان باش لەسەر رووداوەکان دروست بکات(٩٩).

– (جۆرج بليخانۆف)یش-

کە خاوەنی بەرهەمی (رۆڵی تاکە لە مێژوودا) بەرپەرچی ئەوانەی داوەتەوە کە بەرگری یان لە رۆڵی تاك کردووەو بەدروستکەری رووداوەکانیان زانیوە.

بەڵکو ئەو باوەڕی بە (تێوری ئاوێتەیی) بووە, بە واتا رۆڵی کۆمەڵگا لە دروستکردنی تاك و پاشان دروستکردنی رووداوەکانی مێژوودا بەهەند گرتوە.

بليخانۆف هەوڵی ئەوەشی داوە کە مارکسیەت و راڤە ئەزموونیەکەی بۆ مێژوو ئاوێتە بکات و بە هەوڵی هەردوو تیۆرییەکەوە رۆڵی رووداوە مێژووییەکان و قارەمانەکانی دیاری بکات. بە واتا لای ئەو قارەمانان و کەم دەستەکانی مێژوو بەرهەمی کۆمەڵگاو دەوروبەرو بنەما ئابورییەکان بوون و بێ ئەوان تاك و قارەمانان لە مێژوودا رۆڵی نەبوە.

لەلایەکیترەوە (ئەدوارکاد) پیاوەگەورەکانی بە یارمەتیدەرو بەرهەمی رووداوە مێژووییەکان زانیوە وپێ وابوە کە نوێنەرو بزوێنەری هێزەکۆمەلایەتیەکانە کە شێوەی جیهان دەگۆڕن.

هەندێکیتر لە فەیلەسوفەکان هەوڵی ئەوەیان داوە کە پەیوەندی یەك لە نێوان (قارەمانیەتی)و (عەبقەریەت)دا دروست بکەن. لای (ماکس شیلر) قارەمان بەرپرس و هەڵسەنگێنەری سەرکردایەتی کارەکان بووە لە هەردوو بارە چاك و خراپەکەدا, بۆیە لای ئەو قارەمانەکان بەرپرسی سەرکردایەتی و سەرکەوتن و پێشکەوتنی گەلەکەیان بوون.

میثالیە تی هیگڵی(١١٠).

سەرەتایەك بۆ میثالیە تی خۆیی و میثالیە تی نموونەی:- میثالیە ت یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی فەلسەفەو بایەخ بە (هۆشیاری و رۆح و بیر) دەدات و (ماددە و سروشت)یش لەبەرهەمەکانی ئەون.

میثالیە تیش بۆ دوو خۆێندنگا دابەشکراون:-

أ-میثالیە تی خۆیی:-مەبەست لەو میثالیە تەیە هەست و تێڕوانین و هۆشیاری مرۆڤیان بەرەسەنی بوون زانیوە. جۆرج بارکلی (١٦٨٥-١٧٥٣ز) فەیلەسوفی ئینگلیزیشی بەدیارترین رابەرانی ئەم جۆرەی میثالیە تی ناسراوە.

ب- میثالیەتی بابەتی:- مەبەست لەو میثالیەتە کە ناخی جیهانی بەرەسەنی بوونەوەو. و سروشتی مێژوو

داناوە. (عمانوئیل کانت)١٧٢٤-١٨٠٤ فەیلەسوفی ئەڵمانیش بەدیارترین رابەرانی ئەم جۆرەی میثالیە تی زانراوە. گەرچی فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون) (٤٤٠-٣٨٥)پ.ز پێشتر باسی لە دروست بوونی بوونەوە رو سروشت کردووە, بەڵام (کانت) بنەماکانی ئەم جۆرەی مثیالیە تەی داناوە.(١٢٠)

(کانت) وەك فەیلەسوفێکی دیاری ئەو بوارە بایەخێکی قوڵی بە رەوشت و هیواکانی مرۆڤایەتی داوەو هەوڵێکی زۆریشی دا (زانیاری هەستەیی) لە زانیاری ژیری, جیابکاتەوەو رەخنەی توندی لە (میثالیە تی خۆیی و میثالیە تی گومانی کردوەو کە لەلایەن (رینیە دیکارت/١٥٩٦-١٦٥٠ز)ەوە دووپاتکراوەتەوە هەروەها رۆڵی ژیری لە زانیاریەکی راستەقینەدا خستۆتەڕوو (سۆزو خەیاڵی)یشی ڕەت کردەوە کە (هەستەکانی) لێوەدەردەچن(١٢١).

هیگل و میثالیەتی جەدەلی مێژوویی:- هیگل (١٧٧٠-١٨٣١ز) بە دیارترین فەیلەسوفەکانی ئەڵمانی ناسراوە کە گەورەترین کاریگەری لە بزوتنەوەی فیکری و فەلسەفی سەدەی نۆزدە دروستکرد و توێژینەوەی لەسەر (میتافیزیقیا(١٢٢). و مە نطق و یاساو ئایین و حەق و جوانی و زانستی کۆمەڵایەتی و زانستە سروشتیەکان و بیرکاری و زمان و مێژوودا) کرد و وەك (کانت) میثالیەتی بابەتی پەسەند کردو (بیری رەها)شی بە خولقێنەری سروشت دانا(١٢٣).

(بیری میثالیەتی گفتوگۆ)ش ئەو بابەتە فەلسەفیەبوو کە هیگل لە پابەندبوونی مێژوودا پشتی پێ بەست. (بیر)یش لای هیگل لە پابەندبوونی مێژوودا پشتی پێ بەست و دوو دورایی هەبوو کە یەکەمیان (بوونی رەسەن) یان (رۆحی گشتگیری موتڵەق) بوو لە جیهاندا. دوویەمیشیان (رۆحی بابەتی) بوو کە لە تاك و کۆی جیهانی مرۆڤایەتیدا بوونی هەبوو بنەماکانی کۆمەڵگای لەسەر دامەزرابوو. لای هیگڵیش (رۆحی رەها) دەستی بەسەر جیهاندا گرتوەو حوکمی مێژوو لە جیهانی مێژوودا تەواو دەکات(١٢٤). مێژووش لای ئەو دەرئەنجامی رووداوە پچرپچرەکانی نەبوە, بەڵکو لە ژێر کاریگەری ڕۆحدا رووداوەکانی دروستکردووە.

(هیگل) لە فەلسەفەکەیدا باسی لە دژەکان(١٢٥). و ململانێ دژەکان کرد و پشتی بە (فەلسەفەی دیالکتیکی)(١٢٦). بەست و مێژوو بنەماکانی مێژووی بە راڤە فەلسەفیەکانی داناو بەدیاردەیەکی گۆراوی بەردەوام و سادە سەیری کرد بیرەفەلسەفیەکانی داناو لێ دەرئەنجام کرد.

لە بۆچوونی هیگڵدا (دژەکانی مێژوو) یەکتر رەت دەکەنەوە, بەڵام سوود لە بنەماکانی پێش خۆیان وەردەگرن, بەوەش رەورەوەی مێژوو ناوەستێت, بەردەوام لەبەرەوپێش چووندایە. هەروەها (قارەمان)یش رۆڵی سەرەکی لە فەلسەفەکەی هیگڵدا بینیوە و رەورەوەی رووداوەکانی مێژوویی لەسەر وەستاوەو فاکتەری سەرەکی رەوداوە مێژووییەکان و گۆڕانکاریەکانی داناوە نابێت کەس قسەیان لەسەر بکات.

(فەلسەفەی مێژوو)ش لای هیگڵ گەیشتن بوو بە جۆرێك هەڵسەنگاندن لە روانگەی مێژووەوە, تا بە هۆیەوە یاسا گشتیەکان بدۆزێتەوەو شارستانیەت گەشە بکات. جیهانیش بە بۆچوونی ئەو بە سێ قۆناغی مێژوویی دا تێپەریوە کە (قۆناغی خۆرهەڵاتی) سەربەستی تیایدا سادەو ئاڵۆزبوو. لە (قۆناغی دووەهەم)دا سەربەستی پچرپچرو لەرووبوو,

بەڵام لە (قۆناغی جەرمانی) دا سەربەستی گەیشتۆتە رادەی کامڵ بوون و هۆشیاری لەو قۆناغەشدا دەستوورو یاساکانی مەسیحی رۆڵی کاریگەریان گێڕاوەو (دەوڵەتی بروسیا)ش نموونەی باشترین دەوڵەت بووە لە مێژوودا. لەو دەوڵەتە شەوە سەیری سیستەمی سیاسی و هێزی رۆح و ناوەرۆکی فەلسەفەی مێژووی کردووە (١٢٧),بەڵام کاتێك بە ناوەرۆکی فەلسەفەی میثالیەتی بابەتی هیگڵدا رۆدەچین, دووچاری کۆمەڵێك کەم و کوڕی دەبین کە پێویستە رەخنەی لێ بگرین. لەوانە هیگڵ ڕۆحی رەهای (بە بنەمای فەلسەفەکەی داناوەو لە رووداوەکانی مێژووشەوە فەلسەفەکەی شیکردۆتەوە لە کاتێکدا ناکرێت ڕۆحی رەها بکرێتە بنەمای هەموو شتێك لەسەرجەم لە رووداوەکانی مێژووشدا. جەرمانیەکان و دەوڵەتی بروسیاشی بە نموونەی باشترین سیستەم و شارستانیەت حیساب بکەین, خۆ نابێت شارستانیەتەکانی یۆنان و رۆمانی کۆن لە شارستانیەتی رۆمانی کەمتر بوو بن, هەروەها (دژەکان) لای هیگڵ سەرەڕای

ئەوەی رەت کردنەوەی یەکتر بوون, دەبوونە بنەما بۆیە یەکتر, بەڵام مەرج نەبووە هەموو دژێک یەکتری رەت کردبێتەوەو یەکتری توانبێتەوە, دژەکانی پێشتر سوودی بۆ ئایندە بوو بێت. بەکورتی دەکرێت بڵێین هیگڵ لە رووی سۆزەوە فەلسەفەکەی دارشتووەو خۆی وەك ئەڵمانیەك هەوڵی گەورەکردنی مێژوو شارستانیەت و دەستوری ئەڵمانی داوەو سەرجەم رابردوو مێژوو شارستانیەت و یاساو دەستوری گەلانی تری بەکەم و بە سووك سەیرکردووەو, لە کاتێکدا نەدەستوری یۆنانی کۆن لە دەستوری جەرمانی کۆن کەمتر بووەو نە دەوڵەتی فەرەنسا لە دەوڵەتی بروسیا و نە رۆڵی قارەمانی رووداوەکانی تری جیهان و مێژوو لە رۆڵی قارەمان و رووداوەکانی مێژووی ئەڵمانیا.

**کاری ئابوری و ماددیەتی جەدەلی مێژوویی:-** ( ئابوری ) بە یەکێك لەو فاکتەرە سەرەکیانە دانراوە کە چالاکیە ئابوری و ژیانی و ماددی و مرۆییەکانی لەسەر وەستاوە.لە قۆناغی مێژووی کۆنیشدا ئەو بنەمایە سەرنجی زۆر لە بیرمەندو فەیلەسوفەکانی وەك (تالیس) و (هیرقلیس) و (دیمقراتیس) و (ئەبیقور)ی راکێشا. لە قۆناغی مێژووی نوێشدا سەرنجی هەریەك لە (گالیلۆ)و (بیکۆن) و (نیوتن) و (هوڵباخ) و (دیدرو) و (فیورباخ) و چەندان زاناو فەیلەسوفی بۆلای خۆی راکێشاو وەك فەلسەفەیەکی ماددی)ش سەیریان کرد(١٢٨). دەرکەوتنی (راڤەی ماددی) بەگشتی و (راڤەی ئابوری) بەتایبەتیش بۆ ئەو کاتە دەگەرێتەوە کە شۆڕشی پیشەسازی(١٢٩). لە ئەوروپا سەری هەڵدا و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکانی ئەوروپا دروستکرد. ئەوەش کاتێك بوو کە ئامێرەکان شوێنی دەستی ئیشکەریان گرتەوەو سەرمایەکان لەلای کۆمەڵێك پیشەوەرو سەرمایەدار کۆبونەوەو بە تاڵی و هەژاری و کرێی کەم تەشەنەی کرد, ئەم رووداوانە سەرنجی بیرمەندو سیاسی و چاکساز و مێژوونووسانی سەدەکانی هەژدەو نۆزدەی راکێشا, لەوانە چاکسازە سۆشیالیستیەکانی وەك (فورییە) و (سان سیمون) و (برودون) و (لوی بلان) کە داوای چاکسازی ئابوری و چارەسەری بەتاڵی و هەژاریان کرد(١٣٠).

لەو سەروبەندەدا چەندین تیۆری جۆراوجۆری ئابوری سەری هەڵدا, کە هەریەکەیان بەشێوازێکی جیاواز راڤەی بۆ چارەسەری کێشەکان و بایەخی ئابوری و کێشە ئابورییەکانی کرد, وەك (ولیام بن) و (ئادەم سمیث/١٧٢٣-١٧٩٠ز) و (داڤید ریکاردو/١٧٧٢-١٨٢٣ز). هەروەها تیۆری (کاریگەری ئابوری) و (رۆڵی ئابوری لە چارەسەری کێشە کۆمەلایەتیەکان) سەریان هەڵدا و تیایدا باسەکانی (دراو و هەلاوسان و باج و کرێ(١٣١). بوونە تەوەری راڤە کردنی ئەو بیرمەندو فەیلەسوفانە(١٣٢).

**مارکسیەت و ماددیەتی جەدەلی مێژوویی:-** لە دیارترین ئەو فەیلەسوفانەی مێژوو کە (بنەمای ئابوری)یان بۆ راڤەی مێژوو بەکارهێنا (کارل مارکس/١٨١٨-١٨٨٣ز) و (فردریك ئەنگلس/ ١٨٢٠-١٨٩٥ز) بوون. (مارکس) لە بنەما فەلسەفیەکانی تیۆریەکەیدا پشتی بە (تیۆری دیالکتیکی هیگل) بەست, کە لەسەربنەمای (بیرو دژ و تێکەلاو) بنیات نرابوو, بەلام ئەم بەشێوازێکی نوێ تر پەرەی پێداو.(مرۆڤ و کۆمەڵگاو سروشت)ی بە بنەما سەرەکیەکانی فەلسەفەکەی دانا و ئابوری کردە فاکتەری سەرەکی هەموو بنەماکانی(١٣٣) .

(مارکس) بەرهەم هێنان و پەیوەندی بەرهەم هێنانی کردە بنەمای گۆرانکاریەکانی مێژوو و هەلایسانی سەرجەم شۆڕش و راپەرینەکانی مێژوو. لەمەشەوە رەورەوەی مێژووی لەسەر بنەمای ئابوری ماددی بیناکرد(١٣٤).

(فەلسەفەی مارکس)یش لەسەر سێ بنەماو تیۆرە بنیات نرا کە (ماددیەتی جەدەلی) و (ماددیەتی مێژوویی ) و (ئابوری سیاسیبوون).

**أ-ماددیەتی جەدەلی/ دیالکتیکی:-** مادده یەکێك بوو لەو بنەما سەرەکیانەی فەلسەفە کەی لەسەر وەستابوو. لای ئەو مادده نە سەرەتای هەبوو نە کۆتایی, بەڵکو بەردەوام لە جووڵە و بزواندندا بوو ژیانی ماددیشی بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکرد کە یەکەمیان – قۆناغی دنیایی یە کە ماددەکە بە زیندووی دەردەکەوێت و لە دووهەم قۆناغدا کە (قۆناغی بونەوەرە زیندووەکان)بوو بزوتنەوە بایۆلۆجیەکان بەهۆی جوڵەکانەوە بریاریان لەسەر دەدرێت و لە سێیەم قۆناغیشدا کە (قۆناغی بەرزایی) یە پایە کۆمەلایەتیەکان دادەمەزرێت.

راڤەی ئەفسانەیی

لەوانەشەوە پێشکەوتن و فەلسەفەی دیالکتیک دامەزران وبەردەوام دادەمەزرێن. ئەو گۆڕانکاری و قۆناغانەش لەبەردەم چەندین ململانێی سەخت و بەردەوامدا ڕووبەڕووبوون و لەم ڕووەشەوە ئەم شێوازە لەسەر سێ بنەما وەستا.



ماکس مۆلەر

١-یاسای گۆڕین لە بڕە وە بۆ چۆنیەتی:- مەبەست لە بازدانێکەکەتیایدا ماددەکان لە بڕێکەوە بۆ بڕێکی تر دەگۆڕدرێن و گۆرانکاریان بەسەردا دێت وەك گۆڕینی ئاو بۆ سەهۆڵ.

٢- یاسای ململانێ و یەکگرتنی دژەکان:- ئەم یاسایەش بە واتە دژەکان هێزی بزوێنەری مێژووی مرۆیی و سروشتین و (جیهان لە یاسایەشدا دابڕاو پچڕپچڕنییە, بەڵکو یەکەیەکی ئەندامی دژ بەیەکن و لەناویەکدا لە ململانێ و یەکگرتنێکی بەردەوامدان.

٣- یاسای دژ بە دژ:- ئەم یاسایەش سەرجەم پێشکەوتنەکانی جیهانی سروشتی و مرۆیی بەکۆمەڵێك دژ دەزانن و پێیوایە هەموو ماددەیەك بە بەردەوامی لە گەشەکردن و بیناکردن و یەکگرتن و دواتر تێکشاندندایە و دواتر نوێ دەبنەوەو ماددە نوێ یەکەش کۆنەکە ڕەت دەکاتەوە, بەمەش ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی مێژوو بەرەو پێش دەچێت(١٣٦).

هەروەها ماددیەتی جەدەلی لە هۆکارو دیاردە نەخۆشەکان و یاسا و پێویستیەکان و و واقیع و تواناو حەتمیەتەکان دەکۆڵێتەوە و پێ لەسەر ( ڕێکەوت)یش دادەگرێت و باوەڕیشی بە (سەربەستی) کاریگەری سەربەستی هەیە لە پێشکەوتنی ڕەوڕەوەی مێژوودا(١٣٧).

ماددیەتی مێژویی:- فەلسەفەی مارکسیەت و ڕاڤەکردنی بۆ مێژوو لەسەر بنەمای ماددیەتی مێژوویی بنیاتنراوەو هەر ئەویش فاکتەری سەری پێشکەوتنی کۆمەڵگا مرۆییەکان لە مێژوودا(١٣٨). ئەم فەلسەفەیەش لەسەر چەند بنەمایەك بنیات نراوە:-

١-کاری سنوور دارو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی مێژوویی:- لە فەلسەفەی مارکسی دا مرۆڤ بەشێکی سروشتەو بەهۆی کاری بەرهەم هێنانەوە زمان و گەشەکردنی خۆی دروست کردووە (بەرهەم هێنان)یش پێویستی هێزوکاری بەرهەمی خستۆتەڕوو کە پێویستی پەیوەندی بەرهەم هێنانی هێناوەتە گۆڕێ. هەر ئەوەش هۆکاری سەر هەڵدانی هەردوو جۆری موڵکایەتی (خۆیی) و (کۆ)بووە کەلای مارکس (مۆڵکایەتی کۆ) لە موڵکایەتی خۆیی بە شیاوتر زانیوە(١٣٩).

٢- پەیوەندی جەدەلی نێوان هێزەکانی بەرهەم و پەیوەندییەکانی بەرهەم:- سروشتی بەرهەم هێنان لە فەلسەفەی مارکسیەت دا بەو پەیوەندییەوە بەستراوە کە هێزی بەرهەم هێنان بە پەیوەندی بەرهەم هێنان دەبەستێتەوە). لەو فەلسەفەدا هێزی بەرهەم هێنان لەسەر بنەماکانی سەرمایەو هێزی کارو ئامێرە تەکنیکیەکان, وەستاوە, بەڵام پەیوەندی بەرهەم هێنان لەسەر چینایەتی و چالاکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەمرۆییەکان وەستاوە. بەمەش لای مارکسیەکان پەیوەندی بەرهەم هێنان لە ئیرادەی مرۆڤ و ئارەزووەکانی دا سەربەخۆیە و فاکتەری پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکانیشە. هەر ئەو واقیعەش کۆمڵگاکانی لە (سەرەتایی ییەوە بۆ کۆیلایەتی - دەرەبەگایەتی- سەرمایەداری) گۆڕیوەو بەرەو سۆشیالیزمی هەنگاوی بۆ دەنێ(١٤٠).

٣- ژێرخان و سەرخان:- لە مارکسیەت دا هەر یەك لە موڵکایەتی و هۆکارەکانی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و

ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان بە ژێرخان دانراوە و وەك بنەمای ئابوری سەیرکراوە, بەڵام, بیروبۆچوون و دەزگا بەڕێوەبەرایەتی و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان و یاسا و هونەرو فەلسەفەو رەوشت بە (سەرخان) دانراوە.

لەم هەرەمەدا و لەبۆ چوونی فەلسەفەی مارکسیدا (ژێرخان) بڕیار لەسەر (سەرخان) دەدات و ژێرخان بنەماکانی کۆمەڵگادا دەرێژێت, بەڵام هەردووکیان لە ململانێی سیاسی و ئایدیولۆجی و (چینایەتیدا) یەك دەگرنەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەنگلس رای وابوو کە سەرخانیش بەهۆی تیۆریە سیاسیەکان و یاساو فەلسەفەکانەوە کاریگەری لەسەر ژێرخان دروست دەکات و هەندێك رای ئایینیش کاریگەری لەسەر ململانێ و رووداوە مێژووییەکاندا دروست دەکەن .




## حەتمیەتی مێژوویی و قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆیی:-

لە کاتێکدا مارکس سەرقاڵی شیکردنەوەی سیستەمی سەرمایەداری بوو, لەسەر ئەو سیستەمەش ئایندەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکرد بکات. گەیشتە شیکردنەوەیەکی تایبەت. هەروەها گەیشتە ئەوەی کە ماددیەتی مێژوو کۆمەڵگا و پەیوەندی نێوان هێزی بەرهەم هێنان و هێزی بەرهەم هێنەر دیاری دەکات. لەمەشەوە مێژوو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ چەند قۆناغێك دابەشکرد. لای مارکس لە هەر کۆملگایەك شتێکی کۆن هەبوو دەبوایە نەمێنێ و شتێکی نوێ لە جیاتی شوێنی بگرێتەوە, ئەو قۆناغانەش:-

١-کۆمۆنی سەرەتایی:- ئەمە سەرەتایی ترین و کۆنترین قۆناغی سەرهەڵدانی کۆمەڵگایە لەم قۆناغەدا مرۆڤ بە سادەترین شێواز و بە سادەترین ئامێر ژیاوەو کاری کردووە کارەکانیشی بە کۆمەڵ بووە, بێ ئەوەی پێویستی بە سیستەمێکی سیاسی هەبێت, بەڵام هەر لەم قۆناغەشدا مرۆڤ بەپێی پێشکەوتنی تواناو بیری لەبەکارهێنانی بەردەمدا بۆ بەرهەم هێنانی ئامێرەکانی کە لە بژێوی ژیانیدا یارمەتی دەدەن بەکارهێنا(١٤٢).

هەروەها خێزان بووە بنەما و باوکیش بووە پشت بۆ نەوەکان و سیستەمی ئالوێر/المقایضة) لە بازرگانیدا بەکارهێنرا. لەم سەروبەندەشدا دیاردەی زەوت کردن, هاتە گۆڕێ و زلهێزەکان بێ هێزەکانیان زەوت کردو لە شەرەکاندا, دیلیان گرتن و کردیانە کۆیلە.

٢-قۆناغی کۆیلایەتی:- لەم قۆناغەدا ئامێرەکانی بەرهەم هێنان وەك (گاسن و تەوراس) دەردەکەوتن و بەرهەمی کشتوکاڵی رووی لە زیادبوون کرد و دابەش بوونی کات هاتە گۆڕێ). بەهۆشیەوە پسپۆڕی لە بواری کشتوکاڵیدا سەری هەڵداو شارەکان گەشەیان کرد و بازرگانی پێشکەوت و سیستەمی پاشایەتی هێنایە گۆڕێ تا کاروباری ناوچەکان بەڕێوەبەرن, بەڵام ئەم رووداوانە و سەرهەڵدانی چینی دەسەڵاتداری وا لێ لێکرد (کۆیلە) توێژێك سەر هەڵبدەن و

زەمینەی ململانێی ناوخۆیی و هەرێمی خۆش بکەن و هۆزەکان بچن بەگژیەکدا و سەر ئەنجام شاستانیەتێك بەهۆی شارستانیەتێکی ترەوە نەغرۆ ببێت و قۆناغی دەرەبەگایەتی سەرهەڵبدا.

٣-قۆناغی دەرەبەگایەتی:- لەم قۆناغەدا ئاستی بەرهەم هێنان زیادی کرد و هۆکارەکانی بەرهەم هێنان لە یادی کردو گەشەیان کرد و ئامێرەکانی ئاستی هەوایی وپیشەسازی رستن و چنین و باروت و کاغەز و چاپەمەنی سەریان هەڵدا و موڵکایەتی بەدوایدا دەرکەوت(١٤٤). جوتیار بە زەوییەکان و زەوییەکانی بەدەرەبەگەکانەوە بەسترانەوە بەمەش دەرەبەگەکان بوونە چینی یەکەم و خاوەن دەسەڵات و جوتیارەکان بوونە توێژی دووەمی کۆمەڵ. ئەم دووچینەش کەوتنە ململانێ و سەرئەنجام جوتیارەکان رووییان لە شارەکان کردو دەستی ئیشکەربرەوی کرد و دۆزینەوەی جوگرافیش لەسەر هەڵدانیدا یارمەتی دان. ئەم رووداوانەش پێویستی چینی بورجوازی هێنایە گۆڕی(١٤٥).

٤-قۆناغی سەرمایەداری:- ئەم سیستەمە پشتی بە شۆڕشی پیشەسازی بەست و دوا بە دوای دەرکەوتنی ئامێرە پیشەسازییەکان دەرکەوتن و تیایدا دابەش بوونی کات زیادی کردو سیستەمی ئابوری و بازاری ئازاد سەری هەڵدا و سەرەتاکانی گۆڕانکاری و ململانێ لە نێوان سەرمایەداران و کرێکاران دەرکەوت و شێوازەکانی بورجوازی دیموکراتی و دیکتاتۆری سەری هەڵدا و ململانێی نێوانیان زیادی کرد و مەسەلەی کەرەسەی خاو و بازار و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەسەر کاڵا پیشەسازییەکان بوونی سەر هەڵدانی سۆشیالیستی هێنایە گۆڕێ.

٥- قۆناغی سۆشیالیستی:-لەم قۆناغەشدا هەموو خەڵکان یەکسان دەبن و دەوڵەت چاودێری کات و کارەکان دەکات و ململانێی نێوان خاوەن کارو کارگەر نامێنی و زەمینەی بەرەو شیوعیەت چوون سەرهەڵ دەدات(١٤٦).

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١-الموت و الخلود في الأديان المختلفه: زكى عزت, ط د, دار الجيل للطباعة - القاهره, ١٩٧٢, ص ١٠٦" مغامره العقل الأولى- دراسة في الأسطورة فراس السواح, ط٢, دارالكلمه للنشر- بيروت, ١٩٨١, ص١٦

٢-المنجد في اللغة و الأدب والعلوم: لويس معلوف, ط١٩, المطبعة الكاثوليكية- بيروت, ١٩٦٦, ل١٣٣٢-٣٣٣

٣-سورەتی الانفال, ئایەتی (٣١), واتە: وەك بیستمان گەر دروستکرایە دەمان ووت ئەمە ئەفسانەیەکەمینەکانە)).

٤-سورەتی , ئایەتی ( ), واتە: ئەوە ئەفسانەیەکەمینەکانەو بینووسەو ئەوە سەرەتاو راستەقینەیە.

٥-سورەتی فرقان, ئایەتی (٥-٦), واتە: ئەوە بنێرە کە نهێنیەکانی ئاسمان و زەوی دەزانێت.

٦-مضمون الأسطورة في الكفر العربي: خليل أحمد خليل, ط٢, دارالطليعة للطباعة والنشر- بيروت, ١٩٨٠, ص٨

٧-الأساطير و علم الأجناس: قيس النوري, ط١, مؤسسة دار الكتب للطباعة و النشر- جامعة الموصل, الموصل, ١٩٨٠, ص١٠

٨-الأساطيرو الخرافات عند العرب: محمد عبدالمعيدخان, ط٣, دار الحديثة للطباعة و النشر والتوزيع, بيروت, ١٩٨٠, ص١٨

٩-مدخل الى فلسفة الحضارة الأنسانية- أومقال في الأنسان: ارنست كاسيرر, ترجمة: د.أحسان عباس, ط١, دارالأندلس- بيروت, ١٩٦١, ص٩٥

١٠.هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل٩٥

١١-الأسطورة: راتظين.ك.ك, ترجمة: صادق الخليلي, ط١, منشورات عويدات, بيروت - ثاريس, ١٩٨١, ص٩-١١

١٢-بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (مغامرة العقل الأولى, ٩-١٠" الأساطير دراسة حضارية مقارنة, احمد كمال زكي, ط٢, دارالعودة - بيروت, ١٩٧٩, ص٦٣-٦٦

١٣-الأسطورة, ص٢٢-٢٨

١٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو, ص ٢٨-٣٠

١٥- ما الأنتريولوجيا؟: د. قيس النوري, ط١, دارالحرية للطباعة بغداد, ١٩٨٦, ص ٧٦
١٦- الأساطير وعلم, ص١٦-١٧
١٧- مەبەست لە ئەستیرەی مەریخە. (وەرگێری کوردی).
١٨-مضمون الأسطورة في الفكر العربي, ص٤٠-٤٣, ٧٦-٧٧
١٩-ما الأنتريولوجيا؟, ص٧٩
٢٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو, ط (٣٢, ٧٦-٧٧)" مضمون الأسطورة, ص (٢٢-٢٤, ٦٦)" الأساطير, ص٥٠
٢١-مغامرة العقل الأولى, ص١١
٢٢-الأسطورة, ص١٤-٢٢
٢٣-الأساطير, ص٥١
٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ص١٩
٢٥- مضمون الأسطورة, ص٣٣-٣٧, الأساطير, ص٥١-٥٢
٢٦- الأساطير و علم الأجناس, ص٧٨
٢٧-مغامرة العقل الآولى, ص١١
٢٨-الأساطير وعلم الأجناس, ص١١, الٱساگير, ص٤٧-٤٩
٢٩-مضمون الأسطورة, ص ٧٧-٧٨
٣٠-الأساطير و علم الأجناس, ص٣٣-٣٥" مغامرة العقل الأولى" ص١١
٣١-مغامرة العقل الأولى, ص١٢
٣٢- الأسطورة, ص (٦٢-٦٥, ٩٠)
٣٣-مغامره العقل الأولى, ص١٢
٣٤- الأساطير و علم الأجناس, ص ٢٠٠-٢٠٥
٣٥- لەم خوێندنگایەدا لایەنی سێکسی کراوەتە بنەمای شیکردنەوەی ئەفسانە, ئەوەش لەسەر ئەو راستیەیی فرۆیدی زانای دەروونناس کە جوولەکە بووە بۆ شیکاری بۆچوونەکانی پشتی بەلایەنیسێکسی بەستوە, بەلام لە راستیدا ئەم جۆرە شیکردنەوانە بۆ هەموو ئەفسانەکان راست نین.
٣٦-الأساطير و علم الأجناس, ص١٩٤-١٩٥" مغامرة العقل الأولى, ص١٣" الأسطورة, ص٣٥-٣٧
٣٧- بۆ زیاتر زانیاری بروانە (مغامرة العقل الأولى, ص١٣" الأساطير, ص٩٣-٩٨" الأسطورة, ص٣٥-٣٧
٣٨- الأسطورة, ص٩٣-٩٨" الأساطير, ص(١٣٥-١٤٥, ١٩٦-٢١٧)
٣٩- علمنة الدولة و عقلتة التراث العربي: شوقي عبدالحكيم, ط١, دار العودة- بيروت, ١٩٧٩, ص٣٥
٤٠- الأسطورة, ص٦٧
٤١-كلودليڤى شتراوس والبنيويه: دومينيك- أنگوان كرنيوونى, ترجمه د. نزار صبرى, جريده الجمهوريه, العدد (٥٩٧٠), ڤ (١١/كانون الپانى /١٩٨٦, ص٣
٤٢- الأسطورة, ص٧٢-٧٣
٤٣- علمنه الدوله, ص١٨-١٩